# نەوژین

ژمارە (٤١) ئایاری ٢٠٢٠

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




بنکۆڵکارییەک لەبارەی منداڵانی بێکەس
6«»

پارلەمانتار (گوڵستان سەعید): کۆتا ژنانی بەو رێژەیە بردە پارلەمان
4«»



کاردەکەن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە خوێندن
5«»



ژنان بۆچی مناڵبون بە نەشتەرگەریی هەڵدەبژێرن؟
10«»



## بەپێی دەرئەنجامی راپرسیەک لە گەرمیان

# رۆژنامەنوسانی مێینە دەستبەرداری پیشەکەیان نابن



■ نەوژین

**راپرسیەکی تایبەت بە رۆژنامەنوسانی مێینە لە گەرمیان دەریدەخات زۆرینەیان بەهۆی پیشەکەیانەوە روبەڕوی ناوزڕاندن و ئاستەنگ بونەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی رەها دڵخۆشن بە کارەکەیان و نایانەوێت دەستبەرداری بن.**

یەکەی رۆژنامەوانی مافی مرۆڤ و رۆژنامەی نەوژین، کە دو پرۆژەی رۆژنامەوانی سەر بە (رادیۆی دەنگ) ن لە گەرمیان، لە سەروبەندی رۆژی رۆژنامەگەری کوردیی دا، راپرسیەکیان لەنێو رۆژنامەنوسانی مێینە لەگەرمیان ئەنجامدا.

لە راپرسیەکەدا کە ١٥ رۆژنامەنوس لە رەگەزی مێ بەشدار بون، پرسیاری جیاوازیان روبەڕو کراوەتەوە.

بەپێی وەڵامەکان، زۆرینەی ئەو رۆژنامەنوسانە لە دەزگا راگەیاندنە حزبیەکاندا کاردەکەن، زۆربەیشیان کار لە دەزگای رادیۆیی دا دەکەن و بەتایبەتی کاری بێژەری و پێشکەشکاری ئەنجام دەدەن.

هەروەک بە رەهایی هەمویان پیشەکەیان بەدڵە و پێی ئاسودەن و دەیانەوێت بەردەوام بن.

لەپاڵ ئەم پێدراوە ئیجابیانە، وەک خۆیان لە راپرسیەکەدا ئاماژەیان بۆ کردوە، هاوکات ئاستەنگ و ئالەنگارییشیان روبەڕو دەبێتەوە.

بەشێوەیەک زۆرینەی رۆژنامەنوسان باسیان لەوەکردوە کەبەهۆی پیشەکەیانەوە هەوڵی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتیان دراوە، بەشێوەیەک هەڵبژاردەکانی (تارادەیەک) و (زۆر)، پێکەوە هەڵبژاردەی ٦٤٪ی بەشدارانە، لەبەرامبەردا ٣٦٪ رۆژنامەنوسانی مێینە دەڵێن هیچ کاتێک روبەڕی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتی نەبونەتەوە.

لەبارەی هەستکردن بە بونی جیاوازی رەگەزیی لە کارکردن دا، ٤٧٪ دەڵێن هیچ یان کەم هەست بە جیاکاری دەکەن، بەڵام ٥٣٪ بە رادەی جیاواز هەست بە جیاوازی رەگەزی دەکەن لەکارەکانیان.

لە راپرسیەکەشدا کۆمەڵێک دەرەنجام و راسپاردە خراونەتەڕو، لەنێوی دا ئەوەیە کە هیچکام لە رۆژنامەنوسەکان دەرچوی بەشەکانی رۆژنامەوانی نین لە زانکۆ و پەیمانگاکان، هەروەک بەشێکی بەرچاویشیان خولی راهێنانیان نەبینیوە.

هەروەک راپرسیەکە داوای لە دەزگاکانی راگەیاندن کردوە دەرفەتی بەشداریی فیعلی بۆ ژنان برەخسێنن لە وەرگرتنی پۆست و بەرپرسیارێتی لە دەزگاکان دا، هەروەک داوای لە رێکخراوەکانیش کردوە پاڵپشتی رۆژنامەنوسانی مێینە بن لەبەرامبەر هەڵمەتی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتیان دا.

لەلاپەڕە (٩)ی ئەم ژمارەیەی (نەوژین)، پوختەی راپرسیەکە و وەڵام و دەرەنجام و راسپاردەکانی دەخوێنیتەوە.

# «لە قورئاندا فەزڵی پیاو نەدراوە بەسەر ژن دا»

■ نەوژین

**بەڕێوبەری گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی گەرمیان بە وەکالەت، جەختدەکاتەوە لەوەی ئاینی ئیسلام توندوتیژی دژ بە ژنان رەد دەکاتەوە، دەشڵێت: لە قورئاندا فەزڵی پیاو بەسەر ژن دا نەدراوە.**

لە دیدارێکی رۆژنامەی (نەوژین) دا کە دەقەکەی لە لاپەڕە (٣) دا بڵاوکراوەتەوە، م.سەباح حاجی حەمەساڵح، بەڕێوبەری ئەوقافی گەرمیان بە وەکالەت، ئاماژە بەوەدەکات ئاینی ئیسلام رێگەی بەتوندوتیژی دژ بە ژنان نەداوە، بەڵکو ئەوانەی وادەڵێن ئایەتێک بە پاساو دێننەوە کە دەقەکەی لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت.

لەبارەی ئەو بۆچونانەی ئاینی ئیسلام پیاو بە پلە یەک و ژن بە پلە دو هەژمار دەکات، بەڕێوبەری ئەوقافی گەرمیان دەڵێت: بەهیچ شێوەیەک لە قورئاندا فەزڵی کەس نەدراوە بەسەر کەسێکی تردا (پیاو بەسەر ژن دا)، جگە لەو کەسەی کە زیاتر بڕوادار و لە خواترسە لە چاو کەسێکی دیکەدا.



# بڕیارێکی حکومەت خەونی کچانی گوندنشین لەبار دەبات

2«»

# کچانی گوند لەبەردەم مەترسیی بێبەشبونن لە خوێندن



نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم گەورەترین داخە لەسەر دڵم ماوەتەوە

■ نەوژین، زریان محەمەد

**«کە چومە قۆناغی ئامادەیی، لەخوێندن دەریانکردم، چونکە خێزانەکەم رازیی نەبون بۆ خوێندن بچمە شار». چرۆ، بە دەنگێکی خەمگینەوە، سەربوردەی دابڕانی لە خوێندن دەگێڕێتەوە.**

ئەو هاوشانی زۆر کچی دیکەی گوندەکانی گەرمیان، بەهۆکاری نەبونی خوێندنگەی ئامادەیی و هەروەها ئەوەی پێشتر پێی دەوترا «ناوەندیی»، لە خوێندن بێبەش کراون.

کێشەکەش کاتێک دروست دەبێت کە حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە خوێندنگە ئامادەییەکان تەنها لەناو قەزا و ناحیەکاندا هەبێت، ئەمەش دەبێتە بارگرانی بۆ کچان و وایکردوە زۆرێک لە خێزانەکان کچەکانیان لەخوێندن دەربکەن.

چرۆ عومەر، ٢٠ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: بەهۆی نەبونی قوناغی ئامادەیی لە لادێکەمان، نەمتوانی خوێندنەکەم تەواو بکەم، ئەمەش گەورەترین داخە کە لەسەر دڵم ماوەتەوە.

لە قوتابخانەی گوندەکاندا بە زۆری تا قۆناغی شەش بنەڕەتی هەیە، بۆ قۆناغەکانی دیکە دەبێت بچنە لادێی تر، یان بە زۆری دەبێت بچنە قەزا و ناحیەکان، ئەمەش وادەکات خێزانەکان هەم بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و هەمیش دارایی، ئامادە نەبن کچەکانیان درێژە بەخوێندن بدەن.

ئەفراح جەبار، ١٥ ساڵ، یەکێکی ترە لەو کچە گوندنشینانەی لەخوێندن دابڕێنراوە، وتی: لە پۆلی شەشی بنەڕەتی دەریان کردم، لەبەر ئەوەی دوای ئەو قۆناغە قوتابخانەمان نەبو، ناچار دەبوین بڕۆشتینایە شوێنی تر بۆ خوێندن.

دەشڵێت: ئێستا رۆژانە لە بری خوێندن، هاوکاری باوکم دەکەم کە خەریکی ئاژەڵدارییە.

ئەم حاڵەتە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ژمارەیەکی کەمی کچانی گوندەکان بتوانن درێژە بەخوێندن بدەن و ببنە خاوەنی بڕوانامەی باڵا.

عەلی عەزیز، ئەنجومەنی گوندی (عەولاقوت) لە گەرمیان، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «بەهۆی نەبونی قۆناغی ئامادەیی بە شێکی زۆری کچانمان لە خوێندن دابڕاون، تەنانەت تا قۆناغی حەوتیان تەواو کردوە، ئەمەشمان بە بەرپرسانی پەروەردە گەیاندوە، بەڵام تا ئێستا هیچ نەکراوە».

باس لەوەش دەکات: ئەو کچانەی کە قۆناغی زانکۆیان تەواو کردوە لە پەنجەکانی دەست تێناپەرن، ئەمەش مەترسیدارە.

وادیارە حکومەت ئاگاداری ئەم کێشەیەیە، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینیە هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەرکردنی نەهاویشتوە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، باس لەوە دەکات داخستنی ئامادەییەکان لە گوندەکان، بڕیاری حکومەت و وەزارەتی پەروەدەیە نەک ئەوان.

دەڵێت: بەپێی سیستەمی خوێندن، قۆناغی ئامادەیی تەنها لە ناحیەکان و سەنتەری شارەکان بونی هەیە.

ئەگەرچی پەروەردەی گەرمیان هیچ ئامارێکی لەبەردەستدا نیە لە بارەی دابڕانی کچانی گوند لە خوێندن، بەڵام بەوتەی خۆیان لە چاو ساڵانی رابردو حاڵەتەکە کەمی کردوە.

ئەگەر کێشەکە لە رویەکەوە پەیوەندی بە لایەنی کارگێڕیی و حکومەتەوە هەبێت، ئەوا بەدیوێکی تردا پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

خەڵات ساڵەح، چالاکی بواری ژنان، ئاماژە بەوەدەکات بەشێک لە خێزانەکان بەهۆی «داخراویی کۆمەڵایەتیەوە« رێگە نادەن کچەکانیان بچن لە ناحیە و قەزاکان بخوێنن، بەڵام بۆ کوڕەکانیان رێگە دەدەن.

دەشڵێت: درێژەنەدانی کچانی گوندەکان بە خوێندن، بوەتە دیاردە.

ئەم دابڕینەی کچان لە خوێندن، کاریگەریی و لێکەوتەی دەرونی و کۆمەڵایەتی زۆر بەجێدێڵێت.

محەمەد نەجیب، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «دابڕانی کچان لە خوێندن، کاریگەری لەسەر دەرونیان دەبێت، بە جۆرێک توشی داروخان دەبن، چونکە پێیانوایە لە سەرەتایترین مافیان بێبەش بون».

وەک بڵێی جەخت لە راکەی توێژەرە دەرونیەکە بکاتەوە، (چرۆ) بە خەمگینیەوە باسی لەوە کرد: بێبەشکردنی لە خوێندن، بێبەشکردنیشی بوە لەو خەونەی کە هەیبوە، خەونی بون بە مامۆستایی.

# چەک، بەڵایەک لە ماڵ دا

■ نەوژین، سروە کەریم

**لە گەرمەی باسی مەترسیەکانی کۆرۆنا، ئەوکاتەی خەڵکی لە ماڵەکاندا خۆیان کەرەنتینە کردبو، رۆژی (٦ی نیسانی ٢٠٢٠)، تەرمی ژنێکی بە فیشەک کوژراو دەهێنرێتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار. ئەو کە خاوەنی سێ منداڵە، بە وتەی هاوسەرەکەی، چەکەکەی لە ماڵ دەرهێناوە و فیشەکی بەخۆیەوە ناوە و خۆی کوشتوە.**



ئەم روداوە بەشێوەی جیاواز لە زۆربەی حاڵەتەکانی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان لە گەرمیان دا دوبارە دەبنەوە، کاتێک چەک دەبێتە ئەو ئامرازەی کۆتایی بە ژیانی ژنان دێنێت.

بونی چەک لە ماڵەکاندا، ئەگەر نەلێێین دیاردە، ئەوا حاڵەتێکی بەربڵاوە، بەزۆریش پەیوەستە بە تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە پێیوایە بونی چەک لەماڵ دا پێویستە بۆ بەرگری لەخۆکردن لەکاتی پێویست دا، بەڵام ئەوە کارەساتە کە کاتێک ئەم چەکە بۆ ئەنجامدانی تاوان لەناو خودی خێزانەکاندا بەکاردەهێنرێت.

وتەبێژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی گەرمیان، جەخت لەوەدەکاتەوە بونی ئەم حاڵەتە، مەترسیەکی هەمیشەییە.

فریاد هیدایەت، بۆ (نەوژین) وتی: بونی چەک بەو فراوانیە لە ماڵەکاندا کاریگەری خراپی هەیە بەسەر کۆمەڵگاوە، بەجۆرێک خێزانەکان چەک بە پاساوی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی، لە ساڵی ٢٠١٨ دا دو حاڵەتی کوشتنی ژنان بە چەک تۆمارکراوە، بەڵام لە ٢٠١٩ دا هیچ حاڵەتێک نەبوە.

هاوکات بەپێی داتاکانی پۆلیسی گەرمیان، ئەمساڵیش تائێستا یەک حاڵەتی کوشتنی ژنان بە چەک هەیە و حاڵەتێکی تریش هەیە کە دەوترێت خۆکوژیە و تائێستا یەکلانەبوەتەوە.

وتەبێژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: بونی چەک لەزۆربەی ماڵەکاندا هەمیشە مەترسیە بۆسەر ئاسایشی گشتی و ئاسانکاریە بۆ ئەو تاوانانەی لە رێگەی چەکەوە ئەنجامدەدرێت کە بەوتەی خۆی ژنکوژی دیارترینیانە.

ئەوەی وایکردوە چەک بەم بەربڵاوییە هەبێت، دەستکەوتنێتی بە ئاسانی، بەشێوەیەک لە قەزایەکی وەکو کەلار، بازاڕێکی تایبەت بە چەکفرۆشیی هەیە.

سیروان، ٣٢ ساڵ، فرۆشیاری چەکە لەو بازاڕە، باس لەوەدەکات چەکی جۆراوجۆر لە بازاڕەکەدا بونی هەیە، ئەگەرچی بەوتەی خۆی ئەو چەک بە هەمو کەسێک نافرۆشێت.

بەپێی یاسای عێراقی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ مادەی (٣)، قەدەغەیە کەسێک چەکی بێمۆڵەت بەکاربهێنێت و بەوهۆیەشەوە سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە ٧ ساڵ زیاتر نەبێت و لە ساڵێک کەمتر نەبێت، هەروەها بە پێبژاردنیش سزا دەدرێت.

بەپێی ئەم یاسایە، هیچ کەسێک بەبێ مۆڵەت، نابێت چەک بەکاربێنێت، بەڵام لەواقیع دا رەوشەکە جۆرێکی ترە.

عەلی جەمال، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، دان بەوەدادەنێت کە ئەم دیاردەیە «مەترسیدارە«.

وتی: هەبونی چەکی بێمۆڵەت راستەوخۆ مەترسیە بۆ ژینگەی دەوروبەر، رۆژانە ئێمە بازگەمان هەیە و هەر کەسێک بە بێمۆڵەت چەکی هەڵگرتبێت، روبەڕوی یاسا دەکرێتەوە.

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی گەرمیان، لە ساڵی (٢٠١٩) دا (٨٨) کەس دەستگیرکراون بەهۆی هەڵگرتنی چەکی بێمۆڵەتەوە.

بەڵام وادیارە کێشەکە هەر ئەو چەکانە دروستی ناکەن کە بێمۆڵەت هەڵدەگیرێن، بەڵکو چەکە مۆڵەتدارەکانیش هەر کێشەن.

وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، بۆ (نەوژین) رونیکردەوە: «کەسانێک کە کارمەندی حکومەتن خۆیان هەڵگری چەکن وەک هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ کە بۆ پاراستنی هەرێم و لەسنوری کارەکەیان رێگەیان پێدراوە، بەڵام هەندێکجار چەکەکەیان بەجۆرێکی دیکە و بۆ کێشەیەکی تایبەت بەکارهێناوە کە تاوانی لێکەوتوەتەوە».

ئەم مەترسیی و کێشانەی کە چەک دروستی دەکات، بە رای چالاکوانێک واپێویست دەکات بە وردیی کۆمەڵی لەبارەوە ئاگادار بکرێتەوە.

لەیلا ئەحمەد، رۆژنامەنوس و چالاکی بواری ژنان و منداڵان، بۆ (نەوژین) وتی: «پێویستە حکومەت و دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوە مەدەنییەکان کاری جدیتر بکەن لەبارەی گەیاندنی مەترسیەکانی ئەم دیاردەیە و هەروەها خستنەڕوی یاسا و سزاکانی بەکارهێنانی چەک و چەکی بێمۆڵەت، بۆ ئەوەی چیتر نەبێتە هۆکاری حاڵەتەکانی کوشتن و خۆکوشتن».

## بەڕێوبەری ئەوقافی گەرمیان:
# لە قورئاندا فەزڵی پیاو نەدراوە بەسەر ژن دا

■ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**بەڕێوبەری گشتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی گەرمیان بە وەکالەت، جەختدەکاتەوە لەوەی کە ئاینی ئیسلام بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە توندوتیژیی نادات بەرامبەر بەژنان، دەشڵێت: لە هیچ دەقێکی ئاینی ئیسلامدا نەهاتوە فەزڵی پیاو بدرێت بەسەر ژن دا.**

لە دیدارێکی ڕۆژنامەی (نەوژین)دا، م.سەباح حاجی حەمەساڵح، بەڕێوبەری ئەوقافی گەرمیان بە وەکالەت، لەسەر کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە مافی ژن و ئەوەی کە ڕۆژانە بە ناوی ئاینەوە چەندین جۆر توندوتیژی بەرامبەر ژنان دەکرێت، دەوستێت، هەروەک هەندێک «هەڵە تێگەشتن» لەوبارەیەوە دەخاتەڕو.

* زۆرجار لە وتارەکانی مامۆستایانی ئاینی گوێبیستی ئەو قسەیە دەبین کە دەڵێن ئەگەر ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی نەبو ئەوا مێرد دەتوانێت تەمێی بکات بەلێدان، کەواتە ئایا لە قورئاندا بە ئایەت ئەمە باسکراوە؟ یاخود لە فەرمودەکانی پێغەمبەری ئیسلامدا ئەمە بە ڕونی باسکراوە؟

لە هیچ دەقێکی ئاینی ئیسلامدا باس لە لێدان نەکراوە، ئەگەر ژن لەگوێڕایەڵی مێردەکەی دەرچو و یاخی بو بەبێ پاساوی شەرعی، ئەوکاتە خودای باڵادەست بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە چەند قۆناغێکی داناوە.

قۆناغی یەکەم: ئامۆژگاری و ڕێپیشاندان بەوەی کە ئامۆژگاری خێزانەکەی بکات کە گوێڕایەڵ بێت و مافی پیاوەکەی بدات بەباسکردنی بەڵگەی قورئان و سوننەت ئەویش بەنەرمونیانی، جا ئەگەر سودی نەبو دەچێتە قۆناغی دوەم کە بریتیە لە دورلێگرتن لە هاوسەری لەسەر جێگە و جوت بون، ئەمەش کاتێک دروستە کە قۆناغی یەکەم سودی نەبێت، ئەمەشیان دەکات بەمەبەستی ئەوەی بۆ هاوسەرەکەی دەریبخات کە لێی ڕازی نیە و پێویستە دیراسەیەکی حاڵی خۆی بکات، جائەگەر ئەم دو قۆناغەیش سودی نەبو ئەو کاتە قۆناغی سێیەم بەکاردێنێت کە ڕای جیاواز هەیە لەسە ئەم خاڵەیان کە بەشێکی زانایان و مامۆستایانی ئاینی دەڵێن لەم قۆناغەدا وشەی «ضرب» بە مانای لێدان هاتوە، بەڵام ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا چەندین مانای دیکەی هەیە، یەکێک لەو مانایانە بەواتای دەستگرتن و هاوکاربونیەتی، کە ئێستا ڕای بەشێک لە زانایان ئەوەیە کە ئەم تەفسیرە دروستتر بێت، چونکە ئیسلام ئاینێکی ئاشتیخوازە و دەیەوێت بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێن نەوەک توندوتیژی.

* لەمەسەلەی باڵادەستی پیاوان یان فەزڵی پیاو بەسەر ژن، بۆ ئەوەیان چی دەڵێن؟

یەکێک لەو بەڵگانەی کە هەمیشە بەرامبەر بە ژنان بە کاردەهێنرێت و پێیان دەوترێت فەزڵی پیاو دراوە بەسەرتاندا لە ئاینی ئیسلامدا، ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت: [الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيّاً كَبِيراً] النساء: ٣٤.

بۆ تەفسیرەکەشی دەڵێت: پیاوان مافی بەڕێوەبەرێتیان بەسەر ژنانەوە هەیە، دەتوانن چاودێریان بکەن، ژنانیش دەبێ بە پێی پلان و نەخشەی ئەوان ڕەفتار بکەن تا لەسنوری شەرعدابێت، ئەم بەڕێوەبەرێتیەش بۆیە دراوە بە پیاوان، چونکە خودا فەزڵی هەندێکی داون بەسەر هەندێکی تریاندا، چونکە جەستە و لاشەیان توندوتۆڵتر و بەهێز ترە لە ژنان.



*بەمپێیە بێت پیاوان فەزڵیان دراوە بەسەر ژناندا؟ کەواتە ژن بە پلە دو دادەنرێت لە ئاینی ئیسلامدا؟

ئەم ئایەتە ماناکەی تەواو ناکەن بۆیە وادەردەکەوێت فەزڵی پیاو درابێت بەسەر ئافرەت دا، بەڵام کە ئایەتەکە بەتەوایی بخوێنینەوە تەفسیری زانایان بۆی بەمشێوەیە کە هەرکاتێک پیاو کاری کرد و بژێوی خێزانەکی دابینکرد، ئەوە گەورەی ماڵە، ئەگەر کچێک کاربکات و خێزانەکەی بژێنێت بەهەمانشێوە ئەو کچە لەو خێزانە دەبێتە گەورەی ماڵ، بۆیە ئەمە هەم بۆ ژنی ئەو خێزانە و کوڕی ئەو خێزانەش هەر ڕاستە، بۆیە لێردا دەردەکەوێت کە بۆ مەبەست هەندێک کەس تەفسیری تەوای ئەو ئایەتە ناخەنەڕو، ئەگینا بەهیچ شێوەیەک لە قورئاندا فەزڵی کەس نەدراوە بەسەر کەسێکی تردا «پیاو بەسەر ژن دا» جگە لەو کەسەی کە زیاتر بڕوادار و لە خواترسە لە چاو کەسێکی دیکەدا، ئەویش لە ڕۆژی قیامەتدایە.

* کەوایا بۆچی ڕێگری ناکەن لەو مەلایانەی کە هانی توندوتیژی و باڵادەستکردنی پیاو بەسەر ژنان دا دەدەن لە ڕێگەی وتار و مینبەرە ئاینیەکانەوە؟

وەزارەتی ئەوقاف لە تەواوی بەڕێوبەرایەتیەکان لیژنەی دروستکردوە و خودی وەزیر سەرپەرشتی گشتی لیژنەکانە، کاری ئەم لیژنانە بەدواداچونە بۆ وتارەکان بۆ ئەوەی مامۆستایانی ئاینی مینبەرەکان بۆ کاری دیکە بەکارنەهێنن وەک دروستکردنی توندوتیژی خێزانی یاخود هەر جۆرە وتارێکی دیکەی دور لە دین و ئاکارەکانی.

# کچان تاچەند ئازادن لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینیەکان؟



■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**شوێنەواری ئەو برین و لێدانانەی کە بەسەر جەستەی (دیانا)وە دروست بوبون، کاڵ بونەتەوە و نەماون، بەڵام شوێنەوارەکانی لەسەر ناخ و دەرونی، هێشتا هەر زیندو بون. ئەو بە نیگەرانیەوە باسی لەو توندوتیژیانە دەکرد کە بە پاساوی ئاینەوە کەسوکارەکەی بەرامبەری نواندویانە.**

بەردەوام ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ئاین و بیروباوەڕە ئاینیەکانەوە هەیە، زیاتر لەهەر بوارێکی تر گفتوگۆ و مشتومڕ و تەنانەت ناکۆکی و کێشەش لەنێوان تاکەکاندا دروست دەکات.

لەم ناوەندەشدا ڕەوشەکە بۆ کچان قورسترە، بەتایبەتی ئەگەر جیاواز بیر بکەنەوە، یان بیانەوێت بەوەی خۆیان باوەڕیان پێی هەیە پەیڕەوی لە سروتە ئاینیەکان بکەن یان نەیکەن.

ئەم سەربەخۆییە لە بیروڕای ئاینی بۆ کچان بەتایبەتی، لەلایەن خێزانەکانەوە بە ئاسانی هەزم ناکرێت، هەربۆیە زۆرجار ڕوبەڕوی توندوتیژی و بێزران دەبنەوە.

دیانا، ناوی خوازراوێکی کچێکی تەمەن ١٩ ساڵانە، باسی لەوەکرد کە هەر لەمناڵیەوە خێزانەکەی بە هەندێک بیروڕای ئاینی گۆشیان کردوە، بەڵام کە گەورە بوە و بەدواداچونی کردوە، بۆچونی گۆڕاوە و زۆر گوێ بەو بنەما ئاینی و سروتانە نادات.

> **ئەو مافە بە مرۆڤی کورد نەدراوە ئاینی خۆی هەڵبژێرێت**

ئەم گوێپێنەدانە زۆر لەسەر ئەو کچە کەوتوە، تا گەشتوەتە ئاستی ئەوەی باوک و براکانی توندوتیژی بەرامبەر ئەنجام بدەن و زۆری لێبدەن و تەنانەت لە ماڵەوەش بەندی بکەن.

ئەم واقعە نیگەرانیەکی زۆری لای (دیانا) دروستکردوە، وتی: «من ئەو ئاینەم دەوێت کە خۆم بڕوام پێیەتی، نەک بە زەبری لێدان بیسەپێنن بەسەرم دا».

بەپێی دەقە یاساییەکان و بەتایبەتی ئەوەی لە دەستوری عێراقی دا هاتوە، ئازادیی ئاینی لە مافەکانی هاوڵاتیانە.

کۆچەر فایەق، پارێزەر، بۆ (نەوژین)ی ڕونکردەوە: بەپێی ماددەی ٢ دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، ئیسلام ئاینی ڕەسمی وڵاتە و هەر ئەویش سەرچاوەی یاسادانانە، لەماددەی ٣٧یش دا هاتوە کە دەبێت گەرەنتی پاراستنی ئاینەکانی تریش بکرێت کە کەسێک بیەوێت ئاینی تر هەڵبژێرێت.

بەڵام ئەم ئازادییە لە کۆمەڵگەی کوردی دا بۆ هەردو ڕەگەز، زەحمەت و قورسە.

محەمەد، ناوی خوازراوی کوڕێکە، کە دەستبەرداری ئاینی خێزانەکەی بوە و ئاینێکی تر پەیڕەو دەکات، بەڵام لە ترسی خێزانەکەی دا، ئەو کارەی بە نهێنی کردوە.

وتی: ماڵەوەمان قبوڵی ئەم گۆڕینە ناکەن و دواتر پشتم لێدەکەن، بۆیە بە نهێنی بیروباوەڕەکەمم هێشتوەتەوە.

بەپێی مادەی ١٨ی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ، کەسەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی ئاین و پیادەکردن و ئاشکراکردنی دا، بەڵام هاوشێوەی ئەوەی لە دەستوردا هاتوە، هاوڵاتیان ناتوانن بە ئازادیەکی تەواوەوە ئەم مافە پیادە بکەن.

ترسەکانیش تەنها لەسەر ژیان نیە، بەڵکو زۆرجار بەهۆی ترسە لە لەدەستدانی پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی.

بەهادین فەرەج، توێژەری کۆمەڵایەتی، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «لەکومەڵگای کورد دا لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە ئەو مافە بە مرۆڤ نەدراوە خۆی ئاینی خۆی هەڵبژێرێت».

بەوتەی ئەو توێژەرە، هاوڕێی خۆی هەبوە ئاینێکی تری هەڵبژاردوە، بەڵام بەهۆی ترسانی لە پەرچەکردارەکانی کۆمەڵ، ئەو کارەی بەنهێنی هێشتوەتەوە.

## پارلەمانتار (گوڵستان سەعید):

# کۆتا نەبوایە ژنان بەو ڕێژەیە نەدەچونە پارلەمان



■ نەوژین، خۆشبین جەلال

**پارلەمانتارێکی کوردستان پێیوایە وەکچۆن لە پارلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا سیستەمی کۆتا بۆ بەشداریی ژنان پەیڕەو دەکرێت، دەبێت ئاوەهاش لە دەسەڵاتەکانی تر و تەنانەت ڕێکخستنە حزبییەکانیش دا پەیڕەو بکرێت. پێیشیوایە دەبێت حکومەت پلان و پرۆژەی هەبێت بۆ کاراکردنی بەشداریی سیاسی ژنان.**

گوڵستان سەعید محەمەد، ئەندامی پارلەمانی کوردستان لە لیستی بزوتنەوەی گۆڕان، لە دیدارێکی (نەوژین) دا باس لە ئەزمون و دیدو بۆچونە سیاسیەکانی دەکات بەتایبەت لەبارەی بەشداریی ژنان لە کایەکەدا.

ئەو کە لە ساڵی ١٩٦١ لەگەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایک بوە، بڕوانامەی دیبلۆمی لە کتێبخانە و زانیاری بەدەست هێناوە. لە دوای ڕاپەڕینەوە بۆ ماوەی ٦ ساڵ لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاریکردوە، پاشان روی لە کاری ڕێکخراوەی لە بواری ژنان دا کردوە، هاوکات وەکو فەرمانبەر کاریکردوە. لە ساڵی ٢٠٠٩ و دوای دروستبونی بزوتنەوەی گۆڕان، پەیوەندی بەو بزوتنەوەیەوە کردوە و لە خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستانیش لەسەر لیستی هەمان بزوتنەوە بوە بە ئەندامی پارلەمان.

گوڵستان سەعید، هاوسەرگیری کردوە و خاوەنی پێنج منداڵە (٣ کچ و ٢ کوڕ). بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

* سەرەتا با بزانین چۆن تێکەڵ بە کایەی سیاسەت بویت؟

بەپێویست و ئەرکی خۆمم زانیوە وەک تاکێکی ئەم نیشتمانە بەشداری لەکایەی سیاسیدا بکەم، چ لەناو حیزب یان لەناو ڕێکخراو یاخود وەک چالاکوانێک بونی خۆم بسەلمێنم و هاوشانی خەڵکانی تر خەبات بکەم و تێبکۆشم لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی نیشتمانی و نەتەوایەتی و مرۆڤدۆستی.

* دیارترین ئەو کار و پرۆژانە چین کە کردبێتت؟

لە هەر جێگایەک کارم کردبێت زۆر بەدڵسۆزی و لەخۆبوردوییەوە کردومە، لەچەند کارێکدا بەشداریم کردوە کە شانازیان پێوەدەکەم، لەوانە: ماوەی ١٥ ساڵ کارم لە ڕێکخراوی ژناندا کردوە کە زۆر ماندونەناسانە وزەی خۆم لەپێناو هۆشیاری ژنان و پیاوان سەرفکردوە و دەیان کۆڕ و کۆبونەوەم ئەنجامداوە لەپێناو هۆشیاری کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی دادپەروەری و یەکسانی جێندەری.

لە کتێبخانەشدا زۆرترین هەوڵمداوە کە منداڵانی کورد ئاشنای کتێبخانە و سودی خوێندنەوە بکەم کە ماوەی ٢٠ ساڵ لەو بوارەدا کارم کردوە , لەناو بزوتنەوەی گۆڕانیشدا کام ئەرکەم پێ سپێردرابێت بە دڵسۆزیەوە ئەنجامم داوە.

* لە چ کارێک لە رابردودا کردوتە پەشیمانی؟

هەمو ئەوکارانەی کە کردومن بەدڵ کردومن، هەمیشە ژنێکی چالاک بوم، چونکە بڕوام وایە ژیان مێژوە و تۆ لەو مێژوە چی تۆمار دەکەیت.

* بێگومان تێبینی ئەو لاسەنگیەت کردوە کە لەنێوان بەشداریی نێر و مێ دا لە کاری سیاسی دا هەیە، بۆچونی تۆ لەبارەی ڕێژەی بەشداری ژنان لەو ڕەوەوە چۆنە؟

بەشداریی ژنان روی لەزیاد بون نەکردوە، بەڵام بە بەراورد بە سەرەتاکانی ڕاپەڕین زیاتر بوە. سەرباری ئەوەش بەداخەوە ڕێژەکە لە ئاستی پێویست دانیە، چونکە ئاستەنگ بۆ ژنان زۆرە و کەمتر هاوکاری ژنان دەکرێت بۆ ئەوەی بەشداریی کارا بکەن. پێموایە ئەگەر سیستەمی کۆتا نەبوایە، ژنان بەو ڕێژەیەش لەناو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دا بونیان نەدەبو، هەربۆیە پێویستە ئەم سیستەمەش لەناو سەرکردایەتی پارتەکان و ئاستی باڵای هەر سێ دەسەڵاتەکەی هەرێم دا بچەسپێت، چونکە ئەزمونی ژنان و بەشداری کردنیان، ئەو گومانە دەرەوێنێتەوە کە بڕوا بەتواناکانیان نەکرێت لەکاتێکدا ژنی بەتوانامان زۆرە.

* کەواتا پێویستە لەم ڕووەوە چی بکرێت بۆ ئەوەی ژنان زیاتر بێنە نێو کایەی سیاسەتەوە؟

پێویستە پەیمانگای نیشتمانی پەروەردەکردنی کادیران بکرێتەوە تا ژنان و کچان بتوانن تیایدا پەروەردەی سیاسی و ئەکادیمی بکرێن و سود لە توانا و خەسڵەتەکانی ژنان وەربگیرێت.

* ئەوەی پەیوەندیی بە بەشداریی ژنانی گەرمیانەوە هەبێت بەتایبەتی لە کایەی سیاسی دا، تا چەند ئاگاداریت و بۆچونت چیە لەوبارەوە؟

ژنانی گەرمیان تاڕادەیەکی باش ژنی هەڵکەوتو و ئازان و ئەزمونی سەرکەوتویان تۆمارکردوە، بەڵام پێویستە زۆرتر هەوڵ بدەن و بتوانن زیاتر بەشداریی بوارەکە بکەن.

# ئەو وڵاتانەی ژنان رابەرایەتی دەکەن سەرکەوتوتر بون بەسەر کۆرۆنادا

■ نەوژین

**نیوزلەندا، ئەڵمانیا، تایوان و نەرویژ، ئەو چوار وڵاتەی ژنان رابەرایەتی دەکەن، جیاواز لە وڵاتانی تر، ڕێژەی گیانلەدەستدان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تیایاندا کەمترە.**




لەلای ناوەندە میدیاییەکانی جیهان، ئەو بابەتە بوەتە مایەی تێبینی و تەنانەت دەستخۆشیش، کاتێک دەرکەوتوە ئەو وڵاتانەی ژنان رابەرایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دەکەن تیایاندا، سەرکەوتو تر بون لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-١٩) و هەروەک ڕێژەی گیانلەدەستدانیش تیایاندا بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە کەمترە.

گۆڤاری (فۆربس)ی ناسراو، لە وتارێکدا لەوبارەیەوە وتویەتی: «ئەو رابەرانە دەشێت وەکو نمونەی رابەری راستەقینە چاویان لێبکرێت».

نوسەران ئاماژەیان بەوەکردوە زۆرینەی ئەو سەرکردانەی بە سەرکەوتویی لە تاقیکردنەوەی کۆڤید-١٩ تێپەڕیون، ژنانن، ئەگەرچی ژنان تەنها ٧٪ی کۆی سەرکردەکانی جیهان پێکدێنن.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی ژنان زیاتر سەرکەوتون لەم بوارەدا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، چەند هۆکارێک ئاماژەی پێدراوە، لەوانە:

١. وەڵامدانەوەی خێرا

لەگەڵ زیادبونی مەترسیەکانی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا، سەرۆک وەزیرانی ئایسلەندا، چاوەڕێی هاتنی ڤایرۆسەکەی نەکرد، بەڵکو بە خێرایی و لەسەرەتاکانی مانگی کانونی دوەمەوە، هەڵمەتێکی بۆ خۆپارێزیی ڕاگەیاند و کۆبونەوە و قەرەباڵەغیی سنوردار و قەدەغە کرد. دەرەنجامەکەش ئەوەبو کە تا ٢٠ی نیسان، ئەو وڵاتە تەنها ٩ حاڵەتی گیان لەدەستدانی بەهۆی کۆرۆناوە تێدا تۆمارکرا.

لە نیوزلەندا، سەرۆک وەزیران بڕیارێکی زۆر ئازایانە و قورسی دا کە کەم وڵات توانیویانە بەو پەلەیە بیدەن، ئەویش داخستنی شوێنە گشتیەکان بو کاتێک ژمارەی گیانلەدەستدانەکان گەیشتە ٦ کەس، دوای گرتنەبەری ئەو ڕێکارە توندانەش، هەتا ٢٠ی نیسان ژمارەی گیان لەدەستدان تەنها ١٢ حاڵەت بو.

٢. فرەیی

بە رای شارەزایان، بونی ژنان لە لوتکەی دەسەڵاتدا، جۆرێک لە فرەیی و جۆراوجۆرێتی داوە بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە وڵاتدا.

د. گیتا راو گۆپتا، بەڕێوبەری یەکێک لە بەرنامەکانی ژنانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان، جەخت لەم رایە دەکاتەوە. هاوکات دەشڵێت: لەکاتێکدا سەرۆکە پیاوەکان زۆرتر بەلای شێوازی نمایشکردنی هێزی بازو و ڕەدکردنەوەی راستیە زانستیەکان دا دەچون، سەرۆکە ژنەکان کراوەتر بون و گوێیان لە هەمو بۆچونەکان دەگرن.

٣. کێشەی سیاسەتی «نێرسالاریی»

د. رۆزی کامبڵ، بەڕێوبەری ناوەندی جیهانی رابەرایەتیکردنی ژنان لە زانکۆی لەندەن کۆلیج، پێیوایە سەرۆکە پیاوەکان بەتایبەتی پۆپۆلیستەکان «شعبویە»، زۆرتر پشتیان بە ناردنی پەیامی ئاسان بەستوە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی، ئەمەش رۆڵی لە شێوازی ئیدارەدانیان لە قەیرانەکەدا هەبوە.

کەسانی وەکو ترامپ لە ئەمریکا و پۆلسارنۆ لە بەرازیل کە سەر بە تەوژمی ڕاستڕەو و ڕاستڕەوی توندن، رۆڵی کەسانێکی نێرسالاریان دەدی.

بە رای ئەو پرۆفیسۆرە، تەنها ئەو وڵاتانە سەرکەوتو نەبون کە ژنان رابەرایەتیان دەکرد، بەڵکو لە زۆر وڵاتی تریش کە پیاوان رابەرایەتی دەکەن، سەرکەوتن بەسەر ڤایرۆسەکەدا تۆمارکراوە، بەڵام خاڵی جیاکەرەوەی ئەو وڵاتانە ئەوەبوە کە لەلایەن سەرۆکانێکەوە کە بۆچونیان ڕاستڕەوانەیە رابەرایەتی نەکراون، لەنمونەی: کۆریای باشور و یۆنان.

٤. دەرکردنی بڕیاری قورس

بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە، چەند بڕیارێکی قورس دران، لەوانە: راگرتنی جموجۆڵی ئابوریەکان.

ئەم بڕیارانە کاردەکاتە سەر سیاسیەکان لە مەودایەکی نزیکدا، بەتایبەتی سەرکردە پۆپۆلیستەکان، بەڵام رابەرانی ژن لەکاتی دەرکردنی ئەم بڕیارانەدا، ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی جەماوەرەکەیان بونەوە و هەنگاوەکانیان بۆ رونکردنەوە و هێوریان کردنەوە. ئەمەش وایکرد پشتیوانی جەماوەر بەدەستبێنن.

سەرۆک وەزیرانی نەرویژ، بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارەی لەسەر هاوڵاتیانە، کۆنگرەی رۆژنامەوانی تایبەتی بە منداڵان ئەنجام دەدا کە گەورەکان بۆیان نەبو ئامادەی بن، بۆ ئەوەی دڵنیایی لەناویاندا بچەسپێنێت.

٥. بڕیاردانی باشتر

ژنان ٧٠٪ی کارکەرانی کەرتی چاودێری تەندروستی پێکدێنن، بەڵام ژمارەی ژنانی هەڵبژێردراو لە سەرۆکایەتی ١٥٣ وڵات دا تا ساڵی ٢٠١٨، تەنها ١٠ دانە بوە. هەروەک ژنان تەنها چارەکێکی پارلەمانەکانی جیهان پێکدێنن.

بەرای (د. گۆپتا)، بونی زیاتری ژنان لە لە پێگەکانی رابەرایەتیکردن دا، پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بەرەوپێشەوە دەبات.

پێیشیوایە کاتێک ژن و پیاو بەشدار دەبن لە رابەرایەتیکردن دا، ئەوکات بڕیاری دروستتر دەدرێت بە سودی هەمو توێژەکانی کۆمەڵگا.

سەرچاوە: بی بی سی عەرەبی

# لە ڕێگەی شۆفێرییەوە بژێوی خۆی پەیدا دەکات



▪ نەوژین، ئەحمەد حەمید

**هەمو بەیانیەک (میدیا) بێخەمە لەوەی لەکاتی خۆی دا دەگاتە دەوام، چونکە ئەو ئێستا ئۆتۆمبیلێکی بە کرێ گرتوە کە ڕۆژانە دەیباتە دەوام و دەیهێنێتەوە، ئەوەی زیاتر ئاسودەی کردوە، ئەوەیە شۆفێرەکەی هاو ڕەگەزی خۆیەتی.**

ڕەنگە کچانێک هەبن سەرەرای ئەوەی خوێندنیان تەواو کردوە کەچی بێکاربن و کاریان دەست نەکەوتبێت، بەڵام (سوعاد) ئەو ڕێچکەیەی شکاندوە و بوەتە خاوەن کاری خۆی.

سوعاد کەریم، کچێکی دانیشوی شاری کەلارە، ماوەی ساڵێکە کاری شۆفێریی تاکسی دەکات و لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە بژێوی خۆی پەیدا دەکات.

ئەو لە بارەی کارەکەیەوە بە گەشبینییەوە دەدوێت و وەکخۆی دەڵێت: زۆر دڵخۆشە بە کارەکەی.

سوعاد، بۆ (نەوژین) دەڵێت: سەرەتا ئۆتۆمبێلێکی بۆ خۆی کریوە نەک بۆ کارکردن، بەڵام کە دەستی بە کارەکەی کردوە تەنها دو کچی گواستوەتەوە بۆ سەر کارەکانیان و دواتر کارکەی برەوی پەیدا کردوە و بەردەوام بوە.

دڵخۆشی ئەو کەسانەی کە هاتوچۆیان پێدەکات وایکردوە کارەکەی لا خۆشەویست بێت و بەردەوام بێ لەکارەکەی.

سوعاد، دەڵێت: پشتیوانی خێزانەکەم و هاورێکانم زیاتر پاڵپشتی کردوم بۆ بەردەوامبون، هەمیشە کە خزم و کەسەکانم دەبینم پاڵپشتیم دەکەن و دەست خۆشیم لێدەکەن، دڵخۆش و دڵنیاتر دەبم.

ئەم دڵخۆشیە لەلای ئەو سەرنشینانەشدا بەرجەستە دەبێت کە (سوعاد) هاموشۆیان پێدەکات.

بەهرە، یەکێکە لەو کچانەی کارەکانی لە ڕێگەی (سوعادە)وە کارەکانی ئەنجامدەدات. بۆ (نەوژین) وتی: مورتاحم لەگەڵ ئەو، هەر کاتێک بێت شەو یا ڕۆژ، بەبێ دودڵی پەیوەندی پێوە ئەکەم بۆ ئەوەی کارەکانم ئەنجام بدەم.

زۆرینەی ئەو کەسانەی کە کارەکانیان لە گەڵ (سوعاد) ئەنجام دەدەن ژنن و پێیانوایە لەگەڵ ئەو ئاسودەترن.

میدیا، کچێکی فەرمانبەرە و هەمو ڕۆژێک (سوعاد) دەیگەیەنێتە دەوام و دوای نیوەڕۆش دەیهێنێتەوە ماڵەوە.

بۆ (نەوژین) وتی: ئەوەی (سوعاد) دەیکات کارێکی گرنگە، چونکە ئەو تەنها کچە کە ئەو کارە دەکات و منیش لەگەڵ ئەو ئاسودەم.

کاری تەکسی بە تەنها نەبوەتە سەرچاوەی دارایی سوعاد و جگە لەو کارە، کاری درومان دەکات لەو کاتانەی کە لە ماڵەوەیە.

لەبارەی کاری درومانیەوە سوعاد، ئاماژەی بەوەکرد هەندێک کات لە ماڵەوەیە و بۆ ئەوەی کاتەکانی بە بەتاڵی نەمێنێتەوە، درومانی دەکات، ئەو کارەشی هاوشانی کاری تەکسیەکەی کردوەتە سەرچاوەی بژێوی ژیانی.

ئەو هیواخوازە کچان و ژنان بوێر بن لە دەستپێکردن بە کار و پیشەی تایبەت بە خۆیان، لەوبارەوە وتی: «چەندە بۆ پیاوان گرنگ بێت کاری خۆیان هەبێت، هێندەش بۆ ئافرەت گرنگە کە خاوەن کاری خۆی بێت و بتوانێت بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات».

> بۆ ئافرەت گرنگە خاوەن کاری خۆی بێت و بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات

> پشتیوانی خێزانەکەم و هاورێکانم زیاتر پاڵپشتی کردوم بۆ بەردەوامبون

# کاردەکەن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە خوێندن

▪ نەوژین، ئالا عادل

**ئەو نمرەیەی (نیان) لە پۆلی ١٢ بەدەستیهێنا، پێی نەدەچوە هیچ زانکۆ و پەیمانگایەک، بۆیە دەیەوێت لە ناوەندێکی ئەهلی دا درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام کێشە ئەوەیە ناوەندی ئەهلی پارەی دەوێت، بۆیە ئەو بۆ ئەوەی بارگرانی بۆ خێزانەکەی دروست نەکات، بیری لەوەکردەوە خۆی هەستێت بە دابینکردنی تێچونی خوێندنەکەی.**

لەم چەند ساڵەی دواییدا بەکاریگەریی قەیرانی دارایی و هەروەها ئەو کرانەوەیەش لە کۆمەڵگادا هاتوەتە ئاراوە، کچان زیاتر دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە کار بکەن، بەشێک لەو کچانەی کاردەکەن، خوێندکارن، لەڕێگەی ئەو کارکردنەوە، بژێویی ژیان و تێچونی خوێندنەکەیان دابین دەکەن.

نیان عوسمان، ٢٣ ساڵ، نمونەی یەکێکە لەو کچانە. ئاماژەی بەوەکرد لەپێناو دابینکردنی تێچونی خوێندنەکەی، لەئێستاوە دەستی بە کارکردن کردوە.

وتی: لە کاتژمێر ٨ی بەیانیەوە تاوەکو کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ کاردەکەم، ئامانجم لەکارکردن تەنها بەردەوامبونمە لەخوێندن.

نیان، ئاماژە بەوەشدەکات بەوهۆیەی لەهیچ زانکۆ و پەیمانگایەکی حکومی وەرنەگیراوە، دەیەوێت لە ناوەندێکی ئەهلی دا بخوێنێت و لە ڕێگەی کارکردنەوە هەوڵدەدات تێچوی ئەو خوێندنە دابین بکات.

ئەگەر پێشتر کچان بۆ هەر کار و هەنگاوێک کە بیاننایە پشتیان بە خێزانەکانیان ببەستایە، ئێستا هەوڵدەدەن پشت بە خۆیان ببەستن، بەتایبەتی کە ڕەچاوی دۆخی ناجێگیر و هەندێکجار خراپی دارایی خێزانەکانیان دەکەن.

سێوە محەمەد، ٢٠ ساڵ، باسی لەوەکرد نەیویستوە ببێت بە بارگرانی بۆسەر شانی خێزانەکەیان، بۆیە لەپێناو دابینکردنی تێچوی خوێندنەکەی دا، دەستی بەکارکردن کردوە.

وتی: دوساڵە بەیانی تاوەکو ئێوارە بێوەستان کار دەکەم، بۆئەوەی خەرجی خوێندنەکەم لە پەیمانگایەکی ئەهلی دا بەدەستبێنم.

جوانە ئەکرەم، ٣٠ ساڵ، کچێکی ترە کە هاوکات لەگەڵ خوێندنەکەی دا، کاریش دەکات.

وتی: هەر لە قۆناغی ئامادەییەوە کارم کردوە، بەڵام دواتر وازم لە خوێندن هێنا و بەردەوام بوم لە کارکردن. ئێستاش پاش ماوەیەک دابڕان، گەڕاومەتەوە خوێندن لە پەیمانگایەکی ئەهلی و ڕۆژانەش کاردەکەم بۆ دابینکردنی خەرجی خۆم و خوێندنەکەم.

بەشێکی تر لە کچان، بەهۆکاری خراپی دۆخیی دارایی خێزانەکانیان، لە تەمەنێکی کەمەوە ناچارن کار بکەن، کە ئەمەش ئەگەرچی لەگەڵ ڕێکەوتننامەکانی بواری پاراستنی منداڵدا یەکناگرنەوە، بەڵام وەکخۆیان دەیڵێن: ناچاری ئەو کارەی پێکردون.

ش. ا، ژنێکی تەمەن ٥٠ ساڵی دانیشتوی کەلارە، بەکاریگەریی ئەوەی دۆخی داراییان خراپە و هاوسەرەکەیشی بەهۆی نەخۆشیەوە ناتوانێت کار بکات، خۆی و کچە ١٥ ساڵانەکەی کاردەکەن، بۆ ئەوەی هەم بژێویی خێزانەکەیان و هەمیش تێچونی خوێندنی کچەکەی دابین بکەن.

بەپێچەوانەوە، هەندێکیش لە دایکان و باوکان، بۆ مەبەستی دیکە کچەکانیان دەخەنەبەر کارکردن.

فەرهاد فارس، ٥٣ ساڵ، باسی لەوەکرد کە ویستویەتی کچەکەی خاوەنی کەسایەتی خۆی بێت و پشت بەخۆی ببەستێت، بۆیە ئێستا کاردەکات و خەرجی خوێندنەکەی دابین دەکات.

وتی: «کچەکەم خۆی خەرجی قوتابخانەی دابین دەکات، فێرم کردوە پشت بە من نەبەستێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێت».

ئەگەر کارکردن ماندوبونی جەستەیی لێبکەوێتەوە، ئەوا ئاسودەییە دەرونی و سودە مەعنەویەکانیشی لەپاڵ سودە داراییەکانی، هاندەر دەبن بۆ بەردەوامیی کچان لە کارکردن.

سامان عادل، توێژەری دەرونی، باس لەوەدەکات کچان زۆرجار لەکارکردنیان دا، ڕوبەڕوی توانج و قسەی خەڵکی دەبنەوە، بۆیە دەبێت لەو ڕووەوە ئامادەکاریی دەرونی بکەن و جۆرێک لە هاوسەنگی ڕابگرن.

وتی: «جێی شانازیە کچان بتوانن بگەن بەو ڕادەیەی بتوانن پشت بەخۆیان ببەستن و نەبنە بار بەسەر خێزانەکانیانەوە، بەڵام دەبێت هاوسەنگیەک لەنێوان کۆمەڵگە و ئامانجەکەیدا ڕابگرێت».

> بێ وەستان کار دەکەم بۆئەوەی خەرجی خوێندنەکەم بەدەستبێنم



# منداڵانی بێکەس... ئەو بێدەسەڵاتانەی



> مێردەکەم پێی وتم ئەگەر کچ بو نەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ منیش جێمهێشت

> پەناگەیەک نییە بۆ ئەو منداڵانەی فڕێدەدرێن و خاوەن پێداویستی تایبەتن

■ نەوژین، ڕۆژان محەمەد ڕەشید

**لەئێوارەیەکی زستاندا، (محەمەد ئەرکان)ی تەمەن (٤) ساڵان دوای ئەوەی سێ ڕۆژ بەتەنیا لەکەلاوەیەکدا جێهێڵدرابو، دۆزرایەوە. دیمەنە بەئازارەکە ئەوەبو محەمەد دەست و قاچە شکێندراوەکەی بەتیپ و کارتۆن بەسترابو، دوای ئەوەی خرابوە ناو دۆشەکێکەوە ئینجا بەچەند بلۆکێک دەورە درابو.**

پاش جیابونەوەی دایک و باوکی، بەرپرسیارێتی بەخێوکردنی (محەمەد) کەوتبوە ئەستۆی باوکی و لەماڵی باپیرەی دەمایەوە، چیرۆکەکەش ئەو کاتە رون بوەوە کە خاوەنی کەلاوەکە بەوشێوەیە دۆزیبویەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاگادار کردبوەوە.

چیرۆکی منداڵانی فڕێدراو زۆر و زەوەندن، بەڵام مەرج نییە هەمویان هەمان چانسیان هەبێت و کەسێک بیاندۆزێتەوەو رزگاریان بکات، چونکە بەشێک لەو منداڵانە زۆربەی جارەکان لەناو گۆڕستان و کەلاوە و زبڵدان و دەرەوەی شارەکان فڕێ دەدرێن، یاخود لەنەخۆشخانەی منداڵبون و بەردەم مزگەوتەکان و چەند جێیەکی دیکە جێدەهێڵدرێن کە بەهۆیەوە ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە یان گیان لەدەست دەدەن.

وەکچۆن ژمارەی منداڵە فڕێدراوەکان کەم نین، بەهەمان شێوە ژمارەیەکی زۆری خێزان هەن کە عەوداڵی لەدایکبونی منداڵێکن و هەمو رێگایەک دەگرنەبەر بۆ ئەوەی کۆرپەیەک لەباوەش بگرن.

لە نۆرینگەیەکی چاندنی منداڵی بلوریی دا، (رەنجە) و (هاژە) لەهەوڵی ئەوەدان ببنە خاوەنی منداڵێک، هەر هەمان رۆژ ژنێک بە تکا و پاڕانەوە لەپزیشکەکە داوای دەکرد کە کۆرپەلەی ناوسکی کچە تەمەن (١٦) ساڵانەکەی بۆ لەبارببات، کە لەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریی دروستبوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو منداڵانەی کەلەدەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریی دروست دەبن، دابونەریتی کوردەواری قبوڵیان ناکات و رەتدەکرێنەوە، هەر لەبەر ئەمەیە دایک و باوکی منداڵەکە لەخۆیانی ناگرن و خۆیان لەبەرپرسیارێتی بەخێوکردنی دەدزنەوە، بۆ ئەوەی توشی لۆمە و توانج و سزای یاسایی و ئاینی و کۆمەڵایەتی نەبنەوە، بەمەش منداڵەکە دەبێتە منداڵێکی بێکەس.

یاران، ناوێکی خوازراوی کچێکی تەمەن (١٨) ساڵانە کە بە «لەشفرۆش» ناسراوە. وتی: «ساڵی پار دوگیان بوم لەیەکێک لەکڕیارەکانم، زۆر هەوڵمدا لەباری ببەم بەحەپ و هەڵگرتنی شتی قورس..هتد، بەڵام سودی نەبو، منداڵەکە هەر دەژیا، دوایی بڕیارمدا کە دوای لەدایکبونی فڕێیبدەم، هەر کەلەدایکبو فڕێمداو دوایی لەدەزگا راگەیاندنەکانەوە هەواڵی دۆزینەوەیم بیست».

بەڵام مەرج نییە هەمو منداڵێک بەم هۆیەوە بوبێتە بێکەس، بەڵکو هۆکارەکان جۆراوجۆر و جیاوازن، هەندێکجار تەنیا بەهۆی ئەوەی کە منداڵەکە خاوەن پێداویستی تایبەتە، لەلایەن خێزانەکەیەوە فڕێدەدرێت.

لەنەخۆشخانەی ئازادی شاری کەرکوک، کۆرپەیەکی کچ کە خاوەنپێداویستی تایبەتە، لەلایەن کەسوکاریەوە جێهێڵدراوە و تائێستاش هیچ کەس نەهاتوە وەک دایک و باوکی خۆی بناسێنێت.

لەهەرێمی کوردستاندا هیچ پەناگەیەک یاخود رێکخراوێکی تایبەتمەند نییە بۆ لەخۆگرتنی ئەو منداڵانەی کە فڕێدەدرێن و خاوەن پێداویستی تایبەتن و لەهەمانکاتدا بێکەسن، سەرەڕای ئەوەی کە منداڵە خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان پێویستیان بەخزمەتکردنی تایبەت و بەردەوام هەیە.

سەرنج حەمە سەعید، بەڕێوەبەری خانەی بێسەرپەرشتانی ساوایان لەپارێزگای سلێمانی، کە خانەکەیان سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، دەڵێت: «ئێمە تەنیا ئەو منداڵانە لە خۆ دەگرین کە لەوپەڕی تەندروستیدان».

بەمپێیەش ئەو منداڵانە لە هەمو مافێکی سەرەتایی بێبەش دەبن، نە ناوەندێک هەیە لەخۆیان بگرێت، نە دەشتوانن بخوێنن.

منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت جیاوازتر لەمنداڵی «ئاسایی» پێویستیان بە کارمەندی پسپۆڕ هەیە کە وانەیان پێ بڵێتەوە، ئەمەش لەخوێندنگە حکومیەکاندا نییە، هەروەها منداڵە بێکەسەکان لەبەر ئەوەی کەس نییە بەناویەوە تۆماربکرێت و بەبێ ناسنامە دەمێننەوە، هیچ خوێندنگەیەکیش فێرخوازێک وەرناگرێت کە ناسنامەی نەبێت.

ئەو کاتەی (محەمەد ئەرکان) دۆزرایەوە و رەوانەکرا بۆ نەخۆشخانە، لەئەنجامی پشکنینە پزیشکاندا دەرکەوت کە سەرەڕای شکانی دەست و قاچی، توشی بەدخۆراکیش هاتوە و کێشی جەستەشی لەچاو تەمەنیان کەم بوە و خوێن و ئاسن پرۆتین و ڤیتامین و ...هتدی بەپێی پێویست نەبوە، جگە لەوەی کە شوێنەواری زۆری برین و ئەشکەنجەی کۆن و تازە بەجەستەیەوە دیارە.

بارودۆخی دەرونی (محەمەد) تەواو شێواوە و پاش دۆزینەوەی بەهیچ شێوەیەک نەیدەهێشت کەس لێ نزیک ببێتەوە و هاواری دەکرد و متمانەی بە کەس نەبو کە هیچ شتێکی بۆ بکات، ئەمەش بەهۆی ئەو ماوەیە بو کە تیایدا ئەشکەنجە دراوە.

لەلایەن کۆمەڵگاوە ناو ناتۆرە و توانجی نەشیاو نەخوازراو بەو خێزانانە دەوترێت کە منداڵە بێکەسەکان لەخۆدەگرن، بەو هۆیەشەوە بارودۆخێکی دەرونی خراپ یان مەترسیدار دروست دەکات لەسەر لایەنی دەرونی خێزانە جێگرەوەکە و منداڵەکەش.

خەندە حسێن، لەساڵی (٢٠٠٥) لەمزگەوتێکدا فڕێدەدرێت، ئەو پیاوەی دەیدۆزێتەوە دەیباتەوە و لەناو خێزانەکەی خۆیان گەورەی دەکات و لەخۆی دەگرن، بەڵام ساڵی (٢٠١٩) خەندە کاتێک زانی کە هەڵگیراوەتەوە، گولەیەک بەسەری خۆیەوە دەنێت و خۆی دەکوژێت.

خەندە، تاکە کەسێک بوە کە بە راستی بابەتەکەی نەزانیوە و هەمو دەوروبەرەکەی زانیویانە، لەماوەی ئەو (١٥) ساڵەشدا هیچ کەسێک نەهاتوە خۆی وەکو خزم و کەسوکاری راستەقینەی بناسێنێت.

لەکوردستان بەشێکی دیاری ئەو منداڵە بێکەسانەی کە فڕێدەدرێن، چانسی ژیانیان نییە و گیان لەدەست دەدەن. بەڵام لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیادا بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی کە بێکەسن و فڕێ دەدرێن بەهۆیی خراپی نەشیاویی شوێنەکەیانەوە ژیانیان نەکەوێتە مەترسیەوە یان نەمرن، جێگای تایبەتمەندیان بۆ دەستنیشان کردون لەشوێنە گشتیەکاندا بەناوی (Babyklappe).

ئەو جێگەیە هەمو مەرجێکی سەلامەتی بۆ منداڵ تێدایە و لەلایەن ئامرازەکانی میدیاوە هۆشیاری بڵاودەکرێتەوە و هانی خەڵک دەدەن کە ئەگەر نایانەوێت منداڵەکەیان لەخۆبگرن ئەوا بیخەنە ئەو شوێنە تایبەتمەندەوە، بەڵام لەسەرانسەریی هەرێمی کوردستاندا هیچ شوێنێکی لەو شێوەیە بونی نیە.

ئەو منداڵە بێکەسەی فڕێدەدرێت ئەگەر بەزیندویی بدۆزرێتەوە، ئەوە لایەنە پەیوەندیدارەکانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە و ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە پەڕاوی لێکۆڵینەوەیی بۆ دەکەنەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان، هەر زو دۆسیەکانیان دادەخرێت و ناگەن بە «تاوانبارەکە».

یاسای سزادانی عێراقی ساڵی (١٩٦٩) ژمارە (١١١) مادەی (٣٨٣) بڕگەکانی (١-٢)، باسی لەسزادانی ئەو کەسانەی کردوە کە منداڵەکانی خۆیان فڕێدەدەن یان ژیانیان دەخەنە مەترسیەوە و یان خۆیان لەسەرپەرشتیکردنی دەدزنەوە...هتد، یاساکە ئەمەی بەتاوان هەژمارکردوە، ئەگەرچی سزا یاساییەکەی پڕ بەپێستی تاوانەکە نییە، چونکە کەسی تاوانبار سزا دەدرێت بەبەندکردن کە لەسێ ساڵ زیاتر نەبێت یان پێبژاردن کە لە هەشت سەد دیاری عێراقی زیاتر نەبێت!

بەڵام عوسمان شێخ سدیق، پارێزەری راوێژکار لەدادگای سلێمانی، رەتی دەکاتەوە کە ئەو یاساییە وەکو دەقەکەی جێبەجێبکرێت، دەڵێت: «لەماوەی کارکردنم لەدادگادا هیچ کەسێکم نەبینوە کە سزا درابێت بەو دەقە یاساییە».

پاش ئەوەی پۆلیس منداڵە بێکەسە زیندوەکەی بەدەست دەگات و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ دەکاتەوە، بەپێی رێکارەکان پێویستە راستەوخۆ رەوانەی نزیکترین نەخۆشخانەی بکات بۆ دڵنیابونەوە لەباری تەندروستی و ئەگەر نەخۆش بو چارەسەری بۆ بکەن، هەتا باری تەندروستی جێگیر دەبێت، دەمێنێتەوە لە نەخۆشخانە.

ئیمان، ئەو کچەیە کە سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی تەندروستی زۆر جێگرە، ئەوە (٤) ساڵە لەناو نەخۆشخانەی ئازادیی پارێزگایی کەرکوک ماوەتەوە و لەنێوان هەردو خانەی بێسەرپەرشتانی ساوایانی (سلێمانی و بەغداد) ماوەتەوە، هیچ لەو خانانە لە خۆیانی ناگرن و بەرپرسیارێتی بەخێوکردنەکەی دەخەنە ئەستۆی یەکتر.

بەڵام ئیمان تاکە منداڵێک نییە کە لەنەخۆشخانەدا دوای لەدایکبونی جێهێڵدرابێت، بەڵکو لەزۆربەی نەخۆشخانەکانی لەدایکبونی منداڵان لەکوردستاندا، چەندین منداڵی لێیە کە تیایاندایە بۆ ماوەی هەشت بۆ نۆ مانگ زیاتر ماونەتەوە و کەسیش نەهاتوە وەکو کەسوکاری راستەقینەیان خۆی بناسێنێت.

لەناو یەکێک لەنەخۆشخانەکانی لەدایکبوندا لە پارێزگای هەولێر، دایکێک دوای زانینی ئەوەی رەگەزی کۆرپە تازە لەدایکبوەکەی مێیە، بەجێیدەهێڵێت و پۆلیس لەرێگەی کامێرای چاودێریەوە دایک و باوکی منداڵەکە دەدۆزنەوە، بەڵام رەتی دەکەنەوە لەخۆیانی بگرن.

دایکی ساواکە بە قوڕگێکی نوساوەوە، وتی: «من لەماڵەوە (٦) کچم هەیە، مێردەکەم پێی وتم ئەگەر کچ بو نەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ، منیش جێمهێشت».

ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا، زۆربەیجار خێزانەکان رەگەزی نێریان بەلاوە پەسەندترە وەک لەمێ.

ئێستا وایلێهاتوە هەر کە لە سۆراغی منداڵە جێهێڵراو یان دۆزراوەکەوە نەپرسرایەوە، لەلایەن لیژنەی (منداڵە دۆزراوەکانەوە) لەنەخۆشخانە، بە بڕیاری دادگا منداڵەکە دەدەن بەخێزانێک کە پێشتر ناوی خۆیان نوسیبێت بۆ وەرگرتنی منداڵی بێکەس، بەبێ ئەوەی کە ئەو منداڵە رەوانەی خانەکانی منداڵان بکەن.

ئەو خێزانە جێگرەوانەی کە منداڵە بێکەسەکان لەخۆ دەگرن، ناتوانن منداڵەکە بخەنە سەر ناوی خۆیان، چونکە هیچ یاسایەک نیە کە پشتگیریی و پشتیوانیان بێت بۆ ئەو کارە، بگرە دەقی یاسایش هەیە کە ناهێڵێت منداڵە بێکەسەکان ببنە خاوەنی ناسنامەی خۆیان، بەمەش منداڵەکە هەر بەبێ رەچەڵەکی دەمێنێتەوە و بەو هۆیەشەوە بێبەش دەبێت لە کۆمەڵێک مافی مەدەنی و یاسایی و سیاسی. ئەمەش ئەو بۆشاییە یاساییە دەردەخات کە لەمڕووەوە بونی هەیە و پێویستیی هەموارکردنی یاسا پەیوەندیدارەکان دێنێتە ئاراوە.

زۆربەی کات هۆکاری نەدۆزینەوەی ئەو دایکانەی کە کۆرپەلەکانیان جێدەهێڵن لەناو نەخۆشخانەی لەدایکبونەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەکاتی پڕکردنەوەی فۆڕمی نەخۆشەکەدا، زانیاریەکان لەناسنامەکەوە وەرناگرێن، بەڵکو بەزارەکی لە دەمی دایکەکە وەریدەگرن و دایکەکەش بە هەڵە پێیان دەدات بۆ ئەوەی نەیدۆزنەوە، بەمەش ناگەن بە «تاوانبارەکە».

ئەگەر منداڵە بێکەسە زیندوەکە هەتا ئەو قۆناغە رۆشت کە بەبڕیاری دادگا و

# باجی هەڵەی باوانیان دەدەن



دادوەر رەوانەی خانەی بێسەرپەرشتانی ساوایان بکرێت کە منداڵی بێسەرپەرشت هەتا تەمەنی ٤ ساڵان لەخۆ دەگرن، بەوهۆیەوە منداڵەکە دەبێتە بێکەسێکی بێسەرپەرشت، لەوێ دەمێنێتەوە، تا تەمەنی چوار ساڵان.

لەدوای چوار ساڵیی ئەگەر کوڕ بێت دەخرێتە خانەی بێسەرپەرشتانی کوڕان و ئەگەر کچ بێت دەخرێتە خانەی بێسەرپەرشتانی کچان.

لەپاڵ ئەو منداڵانەی کە فڕێدەدرێن، کۆمەڵێک منداڵ هەن کە بێسەرپەرشتیارن و لەدەرەوەی خانەکان دەژین و کەسوکاریشیان دیار نییە.

(سەیران)ی تەمەن (١٨) ساڵ و (ئازاد)ی تەمەن (١٧)ساڵ، بێکەسن و لەهەمانکاتدا بێسەرپەرشتن و لەدەرەوەی خانەی بێسەرپەرشتان گەورەبون، بۆ مەبەستی هاوسەرگیریی بەرەو دادگا هەنگاویان دەنا، بەپێکەنینەوە رۆشتنە ناودادگا، بەڵام بەگریانەوە دەرچون، چونکە دادگا رەتی کردبوەوە کە گرێبەستی هاوسەرگیریان بۆبکات، بەهۆی نەبونی ناسنامەی باری شارستانیەوە.

ئەو منداڵانەی کە بێکەسن بەپێی یاسایی عێراقی ژمارە (٣) ساڵی (٢٠١٦) کەتایبەتە بە (کارتی نیشتمانی حکومەتی عێراقی)، ناتوانن ببن بەخاوەن ناسنامەی باری شارستانی، چونکە کەس نییە بەناویانەوە تۆماربکرێن، کە نەشبون ئەوە کۆمەڵێک کێشە دروست دەکات.

سەیران و ئازاد پەنایان برد بۆ مامۆستایەکی ئاینی بۆ ئەوەی هاوسەرگیریەکەیان بۆ ئەنجامبدات، بەڵام ئەویش رەتیکردەوە مارەیان ببڕێت، چونکە نە ناسنامەیان هەبو نە شایەتیشیان لەگەڵدابوە، دواتر بڕیاریاندا کە بەیەکەوە بژین لە ماڵێکدا، نەگەشتە (٢) ساڵ دوانەیەکیان بو.

بەهۆی بێناسنامەیی دایک و باوکیانەوە، منداڵەکانیش نەیانتوانیی ببن بەخاوەن ناسنامە. لەساڵی (٢٠١٩) منداڵەکانیان گەشتونەتە تەمەنی (٨) ساڵی، هەتاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە بچنە قوتابخانە.

منداڵە بێکەسەکە ئەگەر چوە ناو خانەی بێسەرپەرشتان ئەوە لەیەکەم رۆژیی دا لەناو تۆمارەکانی (بەڕێوبەرایەتی کارتی نیشتمانی عێراقی) تۆماری دەکەن بە «لقیط = بێکەس» ئینجا ناسنامەیەکی خەیاڵی (وەهمی) بۆ دەردەکەن بۆ بەڕێکردنی کاروبارە کارگێڕیەکانی، چەند ساڵێکیشە لە رێگەی پەیوەندیەکی کەسیەوە بەم کارە هەستاون، ئەگەر نا پێشتر نەبوە، بەڵام ئەمە چارەسەرێکی کاتیە و ریشەیی نییە بۆ کێشەیی بێ ناسنامەیی منداڵە بێکەسەکان.

(م) منداڵێکی خانەی بێسەرپەرشتانە، دەڵێت: «برینی بێکەسیم کە هەمیشە لەدڵمایە دەکولێتەوە کاتێک مامۆستا لەپۆل دا ناوەکەم دەخوێنێتەوە، ئەزانم ئەو ناوە دروستکراوە و ناوی راستەقینەی خۆم نییە».

ئەگەرچی لەسەر ناسنامەکە هیچ نیشانەیەک یان نوسراوێکی لەسەر نییە کە ئاماژە بێت بۆ بێکەسی ئەو منداڵە، بەڵام لەناو تۆمارەکاندا بە «لقیط = بێکەس» تۆماریانکردوە، بەمەش بەپێی یاسا بێبەش دەبێت لەچەندین مافی یاسایی و سیاسی و مەدەنی.

(م) لە درێژەیی قسەکانیشیدا وتی: «من سێ جار بومە بەقوربانی، جارێک کە خێزانەکەم دەستبەردارم بون، جارێکی تر کە کۆمەڵگا قبوڵم ناکات، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەم بێکەسیمەوە بێبەشم لە زۆر ماف».

لەمیانەی بەدواداچونی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە، دەرکەوت لەهەمو خانەکانی بێسەرپەرشتانی هەرێمی کوردستاندا، هیچ پسپۆڕێکی دەرونناسی تایبەتمەندیی منداڵانی لێ نییە کە لەڕوی دەرونیەوە ئەو منداڵانە چارەسەر بکات و رایان بهێنێت و ئامادەیان بکات بۆ کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی تاکێکی تەندروستیان لێ دەربچێت، چونکە ئەم منداڵانە منداڵانێکی ئاسایی نین و بە قوناغێکی قورسدا تێپەڕیون تاگەیشتون بەوەی ئێستا تیایدا دەژین.

ئەو منداڵانەی کە لەخانەی بێسەرپەرشتاندان، دەبن بەدو بەشەوە: بەشێکیان دەچنە ناو پرۆژەی (خێزانی جێگرەوە) ئەم پرۆژەیەش ئەگەرچی لەلایەن وەزارەتی کاروباریی کۆمەڵایەتیەوە دەرچوە، بەڵام تەنیا لە سنوری سلێمانی جێبەجێ دەکرێت، لەهەریەک لە خانەی بێسەرپەرشتانی هەولێر و دهۆک و کەرکوک نەچوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەبیانوی نەهاتنی رێنمایی بۆیان!

ئەمە لە کاتێکدایە ناردنی رێنمایی بۆ هەریەک لەو خانە بێسەرپەرشتانەی تری هەرێمی کوردستان، هەموی تەنیا کاری یەک رۆژی فەرمانبەرێکە لەسەر کۆمپیوتەرێک، هەتا ئێستایش نەیانکردوە!

ئەو بەشەی تری منداڵەکان لەخودی خانە دەمێننەوە، بەپێیی رێنمایەکان مافی مانەوەیان دەمێنێت تا تەمەنی (١٨) ساڵی و دوای ئەوە دەبێت خانە جێبهێڵن و چارەنوسیشیان نادیارە.

هەندێکیان روبەروی نەهامەتی و ئەزمونێکی قورسی وەک ئەوەی (ئیمان) دەبنەوە. ئەو کچەی منداڵی خانەی بێسەرپەرشتانی کچانی سلێمانی بو، لەشەوێکی تاریکدا لەناوەڕاستی شاری سلێمانی بەچوار پیاوەوە دەستدرێژی سێکسییان کردە سەری.

بەپێیی ئاماری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم، لە ساڵانی (٢٠١٧) و (٢٠١٨) ژمارەی ئەو منداڵانەی لەخانەی بێسەرپەرشتان بون، بریتی بون لە: (٤٥٠) منداڵ، لەوانە (٢٠٢) منداڵ لەهەولێر و (١٣٧) منداڵ لەدهۆک و لەسلێمانیش (٦١) منداڵی تەمەن چوار بۆ (١٨) ساڵ لەگەڵ (٥٠) منداڵی تەمەن (١) رۆژە بۆ (٤) ساڵ.

بەڵام ئەمەی هەیە ئامارێکی ورد و تەواو نییە لەسەر رێژەی منداڵانی بێسەرپەرشتی هەرێمی کوردستان، چونکە تەنیا ئەو منداڵانە تۆمارکراون کە براونەتە خانەکانی بێسەرپەرشتان، ئەگەرنا لەدەرەوەی ئەو خانانەش بەدەیان منداڵ هەن.

لەدەرەوەی ئامارەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی چەندین منداڵ هەن کە لەکاتی فڕێدانیاندا مردون و دۆسیەکانیان لەناو تۆمارەکانی پۆلیس هەیە، تەرمەکانیشیان لەناو ساردکەرەوەکانی پزیشکی دادوەریدایە.

ژمارەیەک منداڵی دیکە هەن بێکەسن و لەدەرەوەی خانەکانی بێسەرپەرشتان لەشارەکانی هەرێمی کوردستان دەژین.

کۆمەڵێک منداڵی دیکە کە فڕێدەدرێن و دەبرێن بۆ نەخۆشخانە لەلایەن لیژنەی (منداڵی دۆزراوە)ی نەخۆشخانەی لەدایکبون بەبڕیاریی دادگا و دادوەر، راستەوخۆ دەدرێنە ئەو خێزانەی کە ئەو منداڵانە دەگرنە خۆیان و ناوی خۆیان پێشتر تۆمارکردوە لەدادگا بۆ وەرگرتنەکە.

هەروەها ئەو منداڵە بێسەرپەرشتانەی کە لەلایەن باندەکانەوە بەکاردەهێنرێن بۆ: ئیشکردن، سواڵکردن، دزیی، لەشفرۆشی و... هتد.

لەگەڵ ئەو منداڵە بێسەرپەرشتانەی لەناو کامپی ئاوارەکان دەژین لەشارە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان.

بێگومان ئەو منداڵە زۆر و زەوەندانەشی کە دایکیان ئێزدییە و باوکیشیان پیاوانی چەکداری سەر بەداعشن.

بەگشتی هەریەک لەدامەزراوەکانی: نەخۆشخانە، پۆلیس، دادگا، خانەی بێسەرپەرشتان و کەمپی ئاوارەکان.. هتد، رایەڵێک لەنێوانیان دا نییە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی منداڵە بێسەرپەرشتەکان، هەر یەکێکیان زانیاری و ئاماری جیاوازیان لایە لەسەر منداڵی بێسەرپەرشت کە هاتوە بۆیان.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دامەزراوەیەکی تایبەتمەند نییە لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا زانیاریی ورد کۆبکاتە لەسەر ژمارەی راستەقینەی منداڵە بێسەرپەرشتەکان و هەموشیان بەخێوبکات و پەروەردەیان بکات.

هەربۆیە هەمویان پەرش و بڵاوبونەتەوە و هیچیشیان ناسنامەیان نییە، ئەمەش کۆمەڵێک کێشە دروست دەکات بۆ ئێستا و ئایندەی هەم منداڵەکان و هەم کۆمەڵگەش.

هاوڕێکەی (ئیمان) -ئەو کچەی دەستدرێژی کرایە سەر- کە لەهەمان خانەیە و لەبەر هەستیاری کەیسەکە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، وتی: «(٥) رۆژ بەر لەوەی ئیمان دەستدرێژی بکرێتە سەر، لەلایەن یەکێک لەکارمەندەکانی خانەی کچانی بێسەرپەرشتی سلێمانی، دەرگاکە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ئیمان بڕوات».

هیچ کارمەندێکی خانەی بێسەرپەرشتانی سلێمانی، ئامادەنەبون هیچ جۆرە لێدوانێک لەو بارەیەوە بدەن و ئامادەکاری راپۆرتیش نەیتوانی لەراست و دروستی قسەی هاوڕێکەی (ئیمان) دڵنیابێت. ئەوەش زانراوە لەلایەن وەزارەتەوە لیژنە پێکهێنراوە بۆ بابەتەکە، بەڵام لەمیانەی ئەم بەدواداچوندا دەرکەوت کە (ئیمان) تاکە کەسێک نییە کە منداڵی خانەبێت و بوبێت بەقوربانی.

(س) یەکێکە لەو کچانەی کە لەهەمان خانەبوە لەگەڵ (ئیمان)، بەڵام ئەو لە خانەکە هەڵهاتوە. بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وتی: «ئەزانی (ئیمان) تاکە کەس نییە دەریان کردبێت؟ ئەگەر رانەکەی لەخانە، خۆیان دەرتدەکەن، ئەگەریش دەرنەچی ئەوە ژیانت لێ دەکەنە دۆزەخ و هەمو رۆژێک لێت دەدەن».

(س) منداڵەکانی هاوشێوەی خۆی پێناساندین و بینیمان زیاتر لە (٢٠) منداڵ کە هێشتا مافی مانەوەیان ماوە لەخانە، رایانکردوە یان هەڵهاتون یان دەرکراون لە خانەی بێسەرپەرشتانی سلێمانی، دواتر لەلایەن خێرخواز و رێکخراوەکانەوە خانویان بۆ گیراوە و تێدا دەژین.

بەڵام ئەم بارودۆخە تەنیا منداڵە بێسەرپەرشتەکانی سلێمانی نییە، بەڵکو لەهەر یەک لەپارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و کەرکوکیش، دەیان منداڵ هەن کە لەسەر شەقامەکاندا کەوتون و بێسەرپەرشتن، خانەکانی بێسەرپەرشتان لەخۆیانی نەگرتون.



* ئەم بەدواداچونە لەلایەن تۆڕی (نیریج) بۆ رۆژنامەوانی بنکۆڵکاری بەرهەمهاتوە.

# کچان هاوارناکەن



دەترسام لای دایکم باسی بکەم بەناچاری بێدەنگ دەبوم

■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**هەتائێستاش (نیان) ناتوانێت دیمەنی ئەو کوڕەی دراوسێیان لەبیر بکات، کاتێک لە منالّی دا گێچەڵی پێکردوە و ویستویەتی لاقەی بکات. لەوەش زیاتر نیگەرانە کە نەیتوانیوە ئەوەی بەسەر هاتوە بۆ کەسوکاری و دایک و باوکی بگێڕێتەوە، چونکە دەیزانی بەر توڕەییان دەکەوێت.**

بەشێکی بەرچاوی کچان بەشێوەی جیاواز ئەزمونی روداوی ناخۆش و پڕمەترسی گێچەڵ و دەستدرێژیی سێکسیان کردوە، زۆرینەی جارەکانیش بە ناچاری و لەترسی نەڕوشانی «شەرەف و حەیای» خۆیان و خێزانەکەیان، بێدەنگیان هەڵبژاردوە.

کچان باس لەوەدەکەن، خێزانەکانیان ئەوەندە هۆشیارییان نەبوە کە بتوانن لەکاتی کێشەی لەو شێوەیەدا رویان لێبنێن و ترسی ئەوەیان نەبێت کە توشی کێشەی گەورەتر نابن.

نیان، ئاماژەی بەوچیرۆکە کرد کە پێش ١٠ ساڵ و ئەو کاتەی منالّ بوە، لەکاتی یارییکردن دا کوڕێکی دراوسێیان زۆر لێی نزیکبوەتەوە و ماچی کردوە، ئەم حالّەتی پەلاماردانەشی چەند جارێک دوبارە کردوەتەوە، هەتا ئەوەی بە ناچاری بە یەکجاری لەو جێگایانە کشاوەتەوە کە ئەوی لێ بون.

وتی: «دەترسام لای دایکم باسی بکەم، بەناچاری بێدەنگ دەبوم، ئێستاش کە گەورە بوم هێشتا لە بینینی کوڕان دەترسم و متمانە ناکەم».

کچان باس لەوەدەکەن هەندێکجار کوڕانێک کە بە تەمەن لەوان گەورەتر بون، بە پاساوی جیاواز گێچەڵیان پێکردون و بە مەرامی سێکسی دەستیان لە لاشەیان داوە.

دەریا، ٢٦ ساڵ، سەربوردەی خۆی دەگێڕێتەوە کاتێک تەمەنی نزیکەی ١٠ ساڵ بوە، ئەوکات لەلایەن دەستگێڕێکەوە تەحەڕوشی پێوە کراوە.

وتی: دەستگێڕێک کە عەرەبانەی دۆندرمەی هەبو دەهاتە کۆڵانەکەمان، خەڵکێکی زۆر لەلای دۆندرمەیان دەکڕی، منیش کە دەڕۆشتم مۆتە بکڕم، پێی دەوتم بچۆرە سەر عەرەبانەکە سەیری بکە بزانم چی رەنگێکت بۆ تێبکەم، لەو کاتەشدا دەستی لە لاشەم دەدا، جارێکیان دەستی لە سنگم دا و دیار بو چێژی لێدەبینی، بەڵام من زۆر پێی نارەحەت بوم.

ئەم حالّەتەدا لە یاسادا وەکو تاوان هەژمار کراوە و لە خانەی ئەو تاوانانەیە کە سزاکانیان بە «توند» هەژمار کراوە.

ئەشواق شێخ نەجیب، پارێزەر، بۆ (نەوژین) وتی: لەیاسای سزادانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩ لە ماددەی ٣٩٣ بڕگەی ١١ دا، باس لەسزای ئەم تاوانە کراوە و تیایدا هاتوە: ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکاتە سەر منالّ سزاکەی زیندانی کردنە تا دەگاتە ١٥ ساڵ.

لە پاڵ ئەم دەستدرێژییانەدا، حالّەتەکانی بەرکەوتنی کچان و کوڕان لە تەمەنی منالّی دا بونیان هەیە و بڵاون، هەندێک لەم حالّەتانە منالّان بە بێ ئەوەی بە دروستی بزانن چیە و چۆنە، پێی هەڵدەستن، بەڵام لێکەوتەی لەسەر دەرونی کچان بەتایبەتی دەبێت و هەستی کەسی دەستدرێژیی بۆسەر کراویان لەلا دەچێنێت.

بە رای پسپۆڕێکی دەرونی، ئەم جۆرە رەفتارانە کاریگەری لەسەر دەرونی کچان دروست دەکات و لەناخیان دا دەبێتە گرێی.

ئامار سەعدوڵڵا، توێژەری دەرونی، بۆ (نەوژین) وتی: زۆرجار کچان لە دوای دەستدرێژیی کردنە سەریان، خۆیان دەخۆنە و توشی ترس و بارێکی دەرونی شێواو دەبن.

ئەو بەپێویستیشی دەزانێت دایکان و باوکان لە نزیکەوە ئاگاداری منالّەکانیان بن و ببنە جێگەی متمانەیان و لەکاتی بونی حالّەتی لەمشێوەیە ئاگاداریان بکەنەوە، نەک بەپێچەوانەوە لێیانی بشارنەوە و خۆیان بخۆنەوە.

# ژنەکان لە ئامێز بگرن





بۆشایی رۆحیی سەرگەردانی لە رۆح و گیانی ژن دا دەخولقێنێت

■ ڕێزان حەسەن

**لە ئامێزگرتن، ئەو پەرچەکردارەیە کە مێیینە لە منالّیدا لە لایەن دایک و باوک، لە گەنجێتیدا لە لایەن دایک و باوک و براوە، لە هاوسەرێتیشدا لەلایەن مێردەوە، پێویستی پێیەتی، وەک پێویستی ئاو و هەوا بۆ زیندو مانەوە لەژیان!**

جا ئەگەر تینوێتی ئەم لە باوەش گرتنە لە منالّی، یان گەنجێتی، یان لەدوای هاوسەرگیری، نەشکا. بۆشاییەک لە رۆحی ژن دا دروست دەکات، کە هیچ شتێک ناتوانێت پڕی بکاتەوە.

ئینجا هەر ئەم بۆشاییەیە وا لە مرۆڤ بەگشتی دەکات بۆ پڕ کردنەوەی بیر لە ئەنجامدانی هەر جۆرە کارێک بکاتەوە بەبێ ئەوەی بیری لای دروستی یان نادروستی کارەکە بێت، چونکە ئەو بە ناو ئاو و ئاگردا دەڕوات بۆ گەیشتن بە ئامێزی ئارامی و خۆشەویستی راستەقینە. ئاخر ژێری دەرەقەدی تەنیایی رۆحەکان نایەت!

ژێری لە ئاست ئازارە رۆحیەکاندا دەستەوەستانە، ئەگەر نا، مەحاڵ دەبو ژنێک لە مێرد و منالّی یاخی ببێت کە شارێگەی ژیانێتی، پەنا بۆ کوێرە رێگاکان بەرێت.

ئەوەتا (فروغ فروغزاد) لە نامەیەکدا بۆ (پەروێز شاپوری)ی مێردی دەنوسێت: «حەزم دەکرد یەکێک هەبوایە بە دڵنیاییەوە سەرمی بنایەتە سەر سنگی و زار زار بگریامایە، یەکێک هەبوایە بە میهرەبانیەوە ماچی بکردمایە، پەروێز بەدبەختی من لەوەدایە کە هیچ شتێک نیە رۆحم رازی بکات، هەندێکجار بیر لەوە دەکەمەوە پەنا بەرمە بەر ئاین و لەخۆمدا هێزی باوەڕ دروست بکەم، بەڵکو لەوێوە ئاسودە بم، وەلێ چاک دەزانم کە ناتوانم خۆ بخەڵەتێنم، گیانی من لە دۆزەخی سەرگەردانیدا دەسوتێ و من نائومێدانە لە خۆڵەمێشەکەی رادەمێنم...».

گومانی تێدا نیە ئەو بۆشاییە رۆحییە سەرگەردانیەکی وا لە رۆح و گیانی ژن دا دەخولقێنێت، کە مایەی بەخەسارچونی تەمەنی ژنەکە و تێکچونی شیرازەی خێزانەکەشیەتی.

بۆیە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ژنەکان و بەخشینی ئامێزێکی ئارام پێیان، مایەی بەختەوەری پیاوان و پاراستنی بەها خێزانیەکان و بەرەوپێشچونی کۆمەڵگاشە. ئەگەریش بەهۆی پەروەردەی نادروستی لە مێژینەوە، رانەهاتوی کەسێکی میانڕەو و ژن دۆست بیت، یان بە بیانوی جۆراوجۆر ناتوانیت رۆژانە (کچەکەت، خوشکەکەت، هاوسەرەکەت) بۆ چەند ساتێک لە ئامێز بگریت، ئەوا گەورەیی بنوێنن و تەنها ئەو کاتانەی ژنەکان دڵتەنگ و بێزارن، لە ئامێزیان بگرن و بەبێ دەنگی گوێیان بۆبگرن، با قسەکانی ناخیان بەبێ ترس و بە رەهایی هەڵبڕێژن.

ئەوەش بزانن لەم حالّەتانەدا پێویست ناکات ئێوەی پیاو رێگەچارە بۆ دڵتەنگی و قسەکانی ژنەکە بدۆزنەوە، یان لە خەیاڵی خۆتاندا خۆتان تۆمەتبار بکەن بەوەی هۆکاری دڵتەنگبونی ژنەکە بن، چونکە بە گشتی نە ئێوە هۆکاری دڵتەنگیەکەین و نە رێگە چارە دانانەکەشتان چارەی ئەو دڵتەنگیە دەکات، بگرە هەندێکجار هەر ئەم رێگەچارە دانانە، هۆکاری ئاڵۆزی دەرونی و زیاتر خەمباربونی ژنەکانە.

توێژینەوەکانیش ئەوەیان سەلماندوە، لە ئامێزگرتنی ژن بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ چرکە، دەبێتە هۆی دەردانی هۆرمۆنێک کە یارمەتیدەرە بۆ ئارامی و دڵنیایی ژنەکە و متمانەکردنی بەو پیاوەی لە ئامێزی گرتوە.

# ڕۆژنامەنوسانی مێینە ئاسودەن بە کارەکانیان








■ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسیەک، ڕۆژنامەنوسانی مێنە لە گەرمیان بە ڕێژەی ٦٤٪ دەڵێن بەهۆی کاری ڕۆژنامەوانیەوە ڕوبەڕوی لەکەدارکردن و ناوزڕاندن بونەتەوە، لەروی پێدانی دەرفەتی بەرپرسیاریەتی بەپێی وەڵامەکان مامناوەندە، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا هەست بەوەناکرێت ڕۆڵێکی یەکسانیان وەک پیاوان پێدرابێت.**

ڕاپرسیەکە (یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ و ڕۆژنامەی نەوژین) کە دو پرۆژەی ڕادیۆی (دەنگ ن پێی هەستاون، ١٥ ڕۆژنامەنوس و ڕاگەیاندکارو فۆتۆگرافەری مێینە لە گەرمیان تیایدا بەشداربون، ئەمەش لەکاتێکدایە ژمارەی فیعلی ڕۆژنامەنوسانی مێینە لە دەڤەرەکەدا لەبەردەستدا نیە.

لە ڕاپرسیەکەدا، بەشداران لەرێگەی هەڵبژاردنی وەڵامی پرسیارەکانەوە، باسیان لەو ئالەنگاریی و ئاستەنگانە کردوە کە هاتونەتە ڕێگەیان و ڕەوشی کارەکەی خۆشیانیان هەڵسەنگاندوە.

بەشداربوانی ڕاپرسیەکە ٦٧٪ تەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٢٥ساڵی دایە، ٢٠٪ تەمەنیان لە نێوان ٢٥ بۆ ٤٠ ساڵی دایە، هەروەها ١٣٪ی بەشداربوان تەمەنیان سەروی ٤٠ ساڵە.

لە روی ئاستی خوێندنەوە، هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ و پەیمانگا ٨٧٪ی بەشداربوان پێکدەهێنن، هەروەها ٢٢٪ بەشداربوان هەڵگری بڕوانامەی ئامادەین. هەروەک هیچیان دەرچووی بەشی ڕۆژنامەوانی لە پەیمانگا و زانکۆکان نین.

لەروی باری خێزانداریشەوە ٧٠٪بەشداربوان سەڵتن، هەروەک ٣٠٪یان خێزاندارن.

لەم ڕاپۆرتەدا پوختەی ڕاپرسیەکەو وەڵام و دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی دەخەینەڕو.

وەڵامی ڕاپرسی

پرسیاری یەکەم: لە چ دەزگایەک کاردەکەیت؟

بە پێی وەڵامەکان بەشی زۆری ژنانی ڕاگەیاندکاری گەرمیان لە ڕادیۆ کاردەکەن بە ڕێژەی ٧٠٪، دوابەدوای ئەوە کارکردنی ژنانی ڕاگەیاندکار لە ڕۆژنامە و گۆڤار و وێبسایت دێت کە هەریەکەیان ١٥٪ـە.

پرسیاری دوەم: لایەنداری دەزگاکەت چیە؟

دەرئەنجامی وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە ڕێژەی بەشداری ژنانی ڕاگەیاندکار لە دەزگا حزبیەکان زۆرترە بە بەراورد بە دەزگا سەربەخۆکان کە ڕێژەی ٧٩٪ـە، لەبەرامبەردا ٢١٪ لە دەزگای سەربەخۆدا کاردەکەن. دەکرێت ئەمە پەیوەندیداربێت بە کەمی ژمارەی دەزگا سەربەخۆکان.

پرسیاری سێیەم: شێوازی کارکردنت لە دەزگاکەت؟

وەڵامی زۆرینە ئەوەیە کە بەشداربوان بە ڕێژەی ٦٩٪ کارکردنیان بە شێوەی موچەی مانگانەیە، هاوکات ٣١٪ بەشداربوانیش بە شێوەی پاداشت کاردەکەن.

پرسیاری چوارەم: ڕۆژنامەوانی پیشەی سەرەکیتە یاخود کاری دیکەت هەیە؟

لەم پرسیارەدا ئەنجامەکە بەجۆرێکە ڕێژەی زۆرینەی ژنانی ڕاگەیاندکار لە گەرمیان کاری ڕاگەیاندکاری پیشەی سەرەکیانە بە ڕێژەی ٦٠٪، لەبەرامبەردا ٤٠٪یان کاری دیکەیان هەیە.

پرسیاری پێنجەم: ئێستا لە چ بوارێکی ڕۆژنامەوانی دا کاردەکەیت؟

دەرئەنجامی پرسیاری پێنجەم وابەستەیە بەو خاڵەی کە تایبەت بو بە کاری ڕۆژنامەنوسانی مێینە و بینیمان زۆرینەیان لە ڕادیۆ کاردەکەن، بەمهۆیەش بێژەریی کاری زۆرینەی ژنە ڕاگەیەندکارەکانە، بەشێوەیەک ٣٧٪ ڕێژەکەی پێکهێناوە، دوابەدوای ئەویش ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامە دەبینین کە ٢١٪ـە، هاوکات ژنان لە کاری پەیامنێری دەستپێشخەریەکی تاڕادەیەک مامناوەندیان تۆمارکردوە کە ١٦٪ـە. ئەوەی جێگەی سەرنجیشە کەمترین کاری دارشتنی هەواڵ «تحریر» دەکەن کە بۆ ئەو بوارە ڕێژەکە تەنها ٥٪ـە.

پرسیاری شەشەم: تاچەند دەرفەتت پێدراوە لە دەزگاکەت بەرپرسیاریەتی وەربگریت؟

پێدانی دەرفەتی بەرپرسیارەتی بەپێی ئەنجامی وەڵامەکان بێت (تاڕادەیەک) بە ڕێژەی ٥١٪ هەڵبژاردەی بەشداربوانە، هاوکات هەڵبژاردەی (کەم) وەڵامی ٢١٪ی بەشداربوانە، لەگەڵ ئەمەشدا ٢٨٪یان دەڵێن دەرفەتی زۆریان پێدراوە، بەم ئەنجامەش بێت تاڕادەیەک دەرفەت دراوە بە ژنانی ڕاگەیاندکار بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی.

پرسیاری حەوتەم: هەستت بەوەکردوە لەکاتی کارکردن جیاوازیت بەرامبەر کرابێت بەهۆی ڕەگەزەکەتەوە؟

وەڵامەکانی (تاڕادەیەک) لەگەڵ (هیچ) زۆرترین ڕێژەیە کە هەریەکەیان ٤٠٪ـە، وەڵامی «زۆر هەست بە جیاوازی ڕەگەزی دەکەن» ١٣٪ـە، بەڵام لە خوێندنەوەی گشتی و کۆکردنەوەی دەرئەنجامەکان دەبین زۆرینەیان هەست بە جیاوازی ڕەگەزی دەکەن، بەشێوەیەک ئەگەر وەڵامەکانی (زۆر ١٣٪، تاڕادەیەک ٤٠٪)، پێکەوە کۆبکەینەوە، دەبینین ڕێژەی ٥٣٪ـە.

پرسیاری هەشتەم: بەهۆی کاری ڕۆژنامەوانیەوە هەوڵی لەکەدارکردن و ناوزڕاندنت دراوە؟

لێرەدا ڕۆژنامەنوسانی مێینە بەرێژەیەکی زۆر جەختدەکەنەوە کە ڕوبەڕوی لە کەدارکردن و ناوزڕاندن بونەتەوە بەهۆی کاری ڕۆژنامەوانیەوە، ئەگەر خوێندنەوەی گشتی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بکەین هەڵبژاردەکانی (تاڕادەیەک ٣٥٪ و زۆر ٢٩٪)، ڕێژەی ٦٤٪ـە، لەبەرامبەردا ٣٦٪ ڕۆژنامەنوسانی مێینە دەڵێن هیچ کاتێک ڕوبەڕی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتی نەبونەتەوە.

پرسیاری نۆیەم: بەهۆی کاری ڕۆژنامەوانیەوە ڕوبەڕوی گێچەڵپێکردن «تحرش» بویتەتەوە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ڕۆژنامەنوسانی مینە دەڵێن: بەڵێ ڕوبەروی گێچەڵپێکردن بوینەتەوە، وەڵامەکانی (تاڕادەیەک ٣٥٪ و زۆر ٢٩٪) پێکەوە وەڵامی ڕێژەی ٦٤٪ی ڕۆژنامەنوسانی مێینەیە کە ڕوبەروی گێچەڵپێکردن بونەتەوە، لەبەرامبەردا ٣٦٪ی ڕۆژنامەنوسانی مێینە دەڵێن بەهیچ شێوەیەک ڕوبەڕوی گێچەڵپێکردن نەبوینەتەوە.

پرسیاری دەیەم: تاچەند ئازادیت لەوەی کاری ڕۆژنامەوانی لەسەر هەر بابەتێک بکەیت کە خۆت دەتەوێت؟

دەرئەنجامی گشتی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ژنانی ڕاگەیاندکار تاڕادەیەک ئازادن لەو بابەتانەی دەیانەوێت کاری لەسەر بکەن، بەڵام ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان وەڵامەکانی (تاڕادەیەک ٥٤٪ و کەم ١٧٪) کە ڕێژەکەی پێکەوە دەکاتە ٧١٪، لەگەڵ وەڵامەکانی (زۆر ٢٠٪ و زۆرزۆر ٩٪) کە ڕێژەکەی پێکەوە دەکاتە ٢٩٪، دەبینین ئەنجامەکە لاسەنگ دەبێت، بەوەی تاڕادەیەک دەرفەتی ئەوەیان پێدراوە بۆ ئەو کارەی کە خۆیان دەیانەوێت ئیشی لەسەر بکەن.

پرسیاری یازدەیەم: دیارترین ئەو بابەتانەی کە بەلاتەوە قورس و تەنانەت ڕێگەپێنەدراوە کاری ڕۆژنامەوانی لەسەر بکەیت چیە؟

قورسترین بابەت کە ژنە ڕاگەیاندکارەکانی گەرمیان دەڵێن ناتوانین کاری لەسەربکەین یاخود ڕێگەمان پینادرێت، خۆی دەبینێتەوە لەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە بواری ئەمنی، بە ڕێژەی ٣٩٪ و سەربازی بە ڕێژەی ٢٨٪. دوابەدوای ئەوانیش سیاسی بە ڕێژەی ١٧٪، هاوکات بە ڕێژەیەکی کەمیش کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی ١١٪ و ئاینی بە ڕێژەی ٥٪ دەبینین.

> ١٤٪ی ڕۆژنامەنوسانی مێینە دەڵێن کار لەسەر بابەتی تایبەت بە مێینە دەکەن

> ٤٣٪ ڕۆژنامەنوسانی مێینە ڕوبەڕوی کێشە بونەتەوە

پرسیاری دوازدەهەم: وەک ڕۆژنامەنوسێکی مێینە ئەو بوارەی زیاتر کاری تێدادەکەیت خۆی دەبینێتەوە لە چی؟

ڕۆژنامەنوسانی مێینە دەڵێن زیاتر لەسەر بوارە گشتیەکان کاردەکەن کە ڕێژەکە ٤٥٪ـە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشداربوانی ڕاپرسیەکە دەڵێن هیچ یەک لە ئێمە کار لەسەر بابەتی ئابوری ناکات، هاوکات ١٤٪ی ڕۆژنامەنوسانی میینە دەڵێن زیاتر کار لەسەر بابەتی تایبەت بە مێینە دەکەن و بەرێژەی ١٨٪یش کار لەسەر بابەتی کۆمەڵایەتی دەکەن.

پرسیاری سێزدەهەم: لە ناودەزگاکەدا گرنگی بەو بابەتانەت دەدرێت کە ئامادەی دەکەیت تایبەت بە پرسەکانی ژنان؟

بەپێی وەڵامەکان ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە پرسەکانی تایبەت بە ژن لەلایەن دەزگاکانی بەشداربوانەوە گرنگی پێدەدرێت، بە ڕادەیەکی سەرو مامناوەند، کە وەڵامەکان بەم شێوەیەن: (تاڕادەیەک ٥٠٪، زۆر ٣٦٪ و زۆرزۆر ١٤٪).

پرسیار چواردەهەم: لە دەزگاکەت دا ئازادیی تەواوت هەیە لەسەر هەر بابەتێکی ڕۆژنامەوانی بتەوێت کار بکەی؟

ئەگەر خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بکەین، دەبین هەڵبژاردەی (تاڕادەیەک ٥٠٪ و کەم ٧٪) ڕێژەی ٥٧٪ی کۆی وەڵامەکان پێکدێنێت، بەڵام ٤٧٪ی بەشداربوان ڕایانوایە زۆر ئازادییان پێدراوە لەلایەن دەزگاکانیانەوە بۆ ئەو بابەتانەی کە دەیانەویت کاری لەسەر بکەن.

پرسیاری پازدەهەم: لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی ڕوبەڕوی کێشە بویتەتەوە؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی ڕوبەڕوی چ کێشەیەک بویتەتەوە؟

هەڵبژاردەی «نەخێر لە کاری ڕۆژنامەوانی ڕوبەڕوی کێشە نەبومەتەوە» وەڵامی زۆرینە بە ڕێژەی ٥٧٪، هاوکات بە ڕێژەی ٤٣٪ ڕوبەڕوی کێشە بونەتەوە. وەکخۆشیان تیشکیان خستۆتە سەر زۆرینەی کێشەکان کۆمەڵایەتی بون کە ڕوبەڕویان بۆتەوە بە ڕێژەی ٨٦٪.

پرسیاری شازدەهەم: تاچەند لە روی خێزانیەوە ڕێگریت لێکراوە بۆ کارکردن لە بواری ڕۆژنامەوانی؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەنجامەکە پێمان دەڵێت: خێزانەکان هاوکاری ژنان بون بۆ کاری ڕۆژنامەوانی، وەک دەبینن هەڵبژادەی «هیچ ڕێگریەکم لێناکەن» وەڵامی ٧٨٪ی بەشداربوانە، هەروەک ٢٢٪یان دەڵێن تاڕادەیەک خێزانەکانیان ڕێگربون لە کاری ڕۆژنامەنوسیان.

پرسیاری حەڤدەهەم: تاچەند ئاسودەیت بە کارەکەت؟

ڕۆژنامەنوسانی مێینە لەگەرمیان بە تەواوی ئاسودەن بە کارەکەیان، بەوپێیەی هەڵبژاردەی (زۆرزۆر ئاسودەین) بەرزترین ڕێژەی لە ڕاپرسیەکەدا هەیە بە ٥٢٪. هەڵبژاردەکانی ( هیچ، کەم و تاڕادەیەک)، ڕێژەی سفریان تۆمارکردوە.

پرسیاری هەژدەهەم: لەماوەی کارکردنت دا خول و وۆرکشۆپی ڕۆژنامەوانیت بینیوە؟ ئەگەر خولت بینیوە، ئەوا خولەکان لە سنوری گەرمیان بون یان دەرەوەی گەرمیان؟

لە وەڵامەکاندا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ٢٠٪ی ڕۆژنامەنوسانی مێینە لە گەرمیان هیچ خولێکیان نەبینوە کە ڕێژەی کەمینەیە وەک ژمارە، بەڵام بۆ کاری ڕاگەیاندن ئەم ڕێژەیە زۆرە کە ژنە ڕاگەیاندکارێک هیچ خول و وۆرکشۆپێکی نەبینیبێت، هەروەک لە وەڵامی پرسیاری دوەم ئەوە دەستگیر دەبێت ئەو ٨٠٪ـەی کە خولیان بینیوە، خولەکانیان بە زۆری لە سنوری گەرمیان بوە بە ڕێژەی ٥٨٪.

پرسیاری نۆزدەهەم: ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانیت؟

ڕۆژنامەنوسانی میینە لە گەرمیان بەرێژەی ٩٣٪، لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان ئەندام نین.

# ژنان بۆچی منالبون بە نەشتەرگەریی هەڵدەبژێرن؟



> لە ترسی ئازار بە نەشتەرگەری منالّم بو

> تێچوی نەشتەرگەری لەسەر حکومەت زیاتر دەکەوێت

**▪ نەوژین، هاوژین مەهدی**

**رەنگە زۆرێک لە ژنان منالّبون بە رێگەی نەشتەرگەریی بە باشتر بزانن لە منالّبون بە رێگەی سروشتی، بەلاّم پزیشکان ئەم بۆچونە رەد دەکەنەوە و پێیانوایە رێگە دروستەکە، منالّبونی سروشتیە.**

لەگەلّ برەوسەندنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان، ژنان زیاتر لە جاران رو لە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی دەکەن لە پرۆسەی منالّبون دا، سەرباری ئەوەی وەک پزیشکان باسی لێوەدەکەن، ئەم نەشتەرگەرییە زیان و مەترسی زۆری هەیە.

کەوایا ژنان بۆچی پەنا بۆ ئەم نەشتەرگەرییە دەبەن؟ ئایا تەنها بۆ ئەوەی ئازاری ژانی منالّبون نەچێژن؟

ژیان، ناوی خوازراوی ژنێکی کەلارە، کە بە نەشتەرگەری منالّی بوە، بەلاّم وەکخۆی وتی: ئەو کارەی بە خواستی خۆی نەکردوە.

وتی: منالّم بە رێگەی سروشتی نەبو، ئیتر کەوتمە حالّەتی مەترسیەوە و بە خراپی توشی خوێنبەربون بوم و ئەوەندەشی نەمابو منالّەکەم لەناوبچێت، بۆیە پزیشک بە خێرایی داخلی نەشتەرگەریی کردم.

لەبەرامبەردا ژنانی دیکە هەن کە بەبێ ئەوەی پێویست بێت، خۆیان پەنا بۆ نەشتەرگەریی دەبەن، بەوهۆیەی بەوتەی خۆیان، ئازاری کەمترە.

ڤیان، ژنێکی دانیشتوی کەلارە، باسی لەوەکرد بۆ لەدایکبونی منالّەکەی، خۆی بڕیاری داوە بە رێگای نەشتەرگەریی منالّی ببێت، بەوهۆیەی «لە ئازار و ژانی منالّبون ترسام».

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالّبون لە کەلار، لە سالّی ٢٠١٩ دا، (٤٤٩٠) منالّ لە دایکبون، لەو رێژەیەش (١٦٤٨) بە نەشتەرگەریی لەدایکبون.

بەگوێرەی بەدواداچونەکانی (نەوژین)، نەشتەرگەریەکانی لەدایکبونی منالّ، زۆرتر لە نەخۆشخانە ئەهلیەکاندا دەکرێت، چونکە لەو نەخۆشخانانەدا ژنان بەخواستی خۆیان دەتوانن بە نەشتەرگەریی منالّ بهێننە دونیاوە، لەکاتێکدا لە نەخۆشخانە حکومیەکان، پزیشک بڕیار دەدات و هەتا زۆر پێویست نەکات، رێگە نادرێت بە نەشتەرگەریی منالّ لەدایک بێت.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منالّبون لە کەلار، جەختی لەم زانیارییە کردەوە.

د. بەناز جەلیل، بۆ (نەوژین) وتی: لەنەخۆشخانەکەمان تەنها نەشتەرگەری بۆ ئەو کەسانە دەکەین کە پێویستیان بە نەشتەرگەریە و بە سروشتی منالّیان نابێت، ئەمەش نەک لە کوردستان، بگرە لە هەمو ولاّتانی جیهان بەو شێوەیەیە.

ئەو پزیشکە هۆکاری ئەمەی گرێدایەوە بەوەی نەشتەرگەری مەترسی بۆ سەر ژیانی ژنەکە دروست دەکات.

خودی ژنانێک کە بە نەشتەرگەری منالّیان بوە، جەخت لەو قسەیەی بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە دەکەنەوە.

تابان، ژنێکی دیکەی دانیشتوی گەرمیانە و بە نەشتەرگەریی منالّی بوە، لەبارەی زیانەکانی ئەم کارەوە وتی: راستە نەشتەرگەری ئازاری کەمترە و ئاسانترە، بەلاّم لە دوای ئەوە زیانەکانی دەردەکەوێت، من بۆخۆم لەدوای نەشتەرگەریەکەوە پشتم زۆر ئازاری هەیە و سکیشم زۆر گەورەبوە.

سەرباری ئەوەش، نەشتەرگەری تێچونی زۆرترە، هەربۆیە لە نەخۆشخانە حکومیەکانیشدا ئەوە رەچاو کراوە و هەتا بوار هەبێت، هەولّ دەدرێت ژنان بە سروشتی منالّیان ببێت.

د. بەناز جەلیل، وتی: تێچوی نەشتەرگەری لەسەر حکومەت زیاتر دەکەوێت، بەلاّم زیانە تەندروستیەکانیشی زۆرە، چونکە ئەو ژنانەی بە نەشتەرگەری منالّیان دەبێت ناتوان منالّی زۆر بخەنەوە، یان جاری وا هەیە مەترسی ئەوە هەیە لە کاتی نەشتەرگەریەکەدا منالّدانیان بتەقێت و بەناچاری دەبێت دەربهێنرێت.

---

# زیانەکانی خەوتن بە قژی تەڕەوە



**▪ نەوژین،**
**ئامادەکردنی: ئامینە محەمەد**

**ئەگەر راهاتوی بە قژی تەڕەوە بخەویت، یان تائێستا گوێت بەوە نەداوە کە بە قژی تەڕەوە دەخەویت یان نا، ئەوا دەبێت بە راکانت دا بچیتەوە و بۆ لەمەودوا حسابێکی ورد بۆ ئەم بابەتە بکەیت.**

> خەوتن بە قژی تەڕەوە سەرئێشە دروست دەکات

قژ لە گرنگترین بەشە جیاکەرەوەکانی روخساری ژنانە، بەتایبەت کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە جوانی و دەرکەوتنەوە هەیە، هەر ئەمەش وادەکات ژنان زۆر گرنگیی پێبدەن، لەو نێوەندەشدا پێویستە دور بکەونەوە لەو رەفتار و کارانەی کە زیانیی بۆ تەندروستی و سەلامەتی قژ دەبێت.

نوێترین توێژینەوەی زانستی، ئاماژە بەوەدەکات یەکێک لەو رەفتارانەی کە زیان بە قژ دەگەیەنێت و ژنان زۆر حسابی بۆ ناکەن، مەسەلەی خەوتنە بە قژی تەڕەوە، کە بەپێی ئەو سەرچاوەیە، لە چەندین ئاست و روەوە زیانی بۆ تەندروستی قژی ژنان دەبێت.

بەپێی هەواڵێکی پێگەی (Natural news)ی بەریتانی، خەوتن بە قژی تەڕەوە، زیانی بۆ تەندروستی هەیە و سەرچاوەی بەشێکی زۆری نەخۆشییەکانە، بۆیە باشتر وایە بەر لە خەوتن، قژتان وشک بکەنەوە و هەرگیز بە قژی تەڕەوە نەخەون.

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: ئایا زیانەکانی خەوتن بە قژی تەڕەوە چیە؟

پێگەکە بە پشت بەستن بە توێژینەوەکان، وەلاّمی ئەم پرسیارەی لە چەند خالّێک دا خستوەتەڕو، لەوانە:

١. روتانەوەی قژ: کاتێک قژت تەڕە، قژەکەت زیاتر ئەگەری لێبونەوەی هەیە.

٢. تێکئالاّن: خەوتن بە قژی تەڕەوە بەتایبەتیش بۆ ئەو کەسانەی قژیان درێژە، دەبێتە هۆی تێکئالاّن و ناشرینکردنی قژەکە.

٣. سەرئێشە: کاتێک دەخەویت، پلەی گەرمی جەستەت بەرز دەبێتەوە، لەکاتێکدا پلەی گەرمی سەرت بەهۆی تەڕیەکەوە کەمە، ئەو جیاوازییەش سەرئێشەی بەهێز دروست دەکات.

٤. خورانی پێستەکە: بەهۆی ئەو شێدارییەی قژت دروستی دەکات، پێستت هەستیار دەبێت و توشی خوران دەبێت.

٥. ئازاری ماسولکەکان: بەهۆی ئەو گۆڕانی پلەی گەرمایەوە لە سەر و جەستەدا دروست دەبێت وەک لەخالّی سێ دا باسمان کرد، خەوتن بە قژی تەڕەوە دەبیتە هۆی دروستبونی ئازاری ماسولکە و ئەوەی پێی دەوترێت «کۆلّنج کردن».

٦. ژەهراویی بوون: قژی تەڕ، شێداری دەبەخشێتە سەرینەکان، ئەمەش کەشێکی باش دەبێت بۆ گواستنەوە و گەشەکردنی بەکتریا بۆ ناو سەرینەکانمان، کە لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبونی هەندێک جۆری نەخۆشی لە گوێچکە و چاو و دەم و لوت.

٧. کرێش: بەهۆی شێداری سەرت و کارلێکی لەگەلّ خانە چەورییەکاندا، کرێشێکی زۆر لە قژتدا دروستدەبێت.

لەم سۆنگەیەوە زانایان رێنمایی دەدەن بە ژنان، لە هەرگیز بە قژی تەڕەوە نەخەون، بەلّکو رێگە دروستەکە ئەوەیە قژ وشک بکرێتەوە بە تەواویی و پاشان بچیتە سەر نوێنەکەت.

# ژنان کەمتر توشی کۆرۆنا دەبن و زیاتر زیانی لێدەکەن



■ نەوژین

**ئەگەرچی کەمتر لە پیاوان توشی دەبن، بەڵام بەپێی راپۆرتێکی نێودەوڵەتی، ئەو زیانانەی بەهۆی کۆرۆناوە بەر ژنان دەکەون، زیاترە لە پیاوان.**

بەپێی توێژینەوە پزیشکیەکان و هەروەها داتا فەرمیەکان، ژنان کەمتر لە پیاوان توشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ «کۆڤید ١٩» بون، هەروەک ژمارەی قوربانیانی ڤایرۆسەکە لە ناو پیاوان دا زیاترە لە ژنان.

بەپێی توێژینەوەیەکی ناوەندی چینی بۆ بەرەنگاربونەوەی نەخۆشی، رێژەی مردنی پیاوان لەناو توشبوانی کۆرۆنا، دەگاتە ٨ ,٢,٪، بەڵام لای ژنان رێژەکە ٧ ,١,٪ـە.

زانایان و شارەزایانی بوارەکە، هۆکاری بایەلۆژی و شێوازی ژیان بە هۆکاری ئەم جیاوازیە دەزانن.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە داتا فەرمیەکان باس لەوەدەکەن ژنان زیاتر لە پیاوان، بەهۆی ئەم ڤایرۆسە و لێکەوتەکانیەوە، زیانمەند بون. چۆن؟ لە خوارەوە رونیدەکەینەوە.

* کەرتی تەندروستی

ژنان زۆرینەی کارمەندانی بواری چاودێری پزیشکی و کۆمەڵایەتی پێکدێنن، ئەمەش بەپێی چاودێری ٧٠٪ی کەرتە تەندروستیەکانی جیهان کە لەلایەن رێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە ئەنجامدراوە.

هەروەک بەپێی هەمان رێکخراو، ژنان بەرێژەی ١١٪ کەمتر لە پیاوان کرێ و موچە وەردەگرن.

بەکاریگەری ئەو رەوشەی هاتوەتە ئاراوە، کار و بەرپرسیارێتی ژنانیش زیاتر دەبێت، ئەمە سەرباری ئەوەی بەهۆی کارکردنیان لە ناوەندە تەندروستیەکان، ئەگەری توشبونیان بە ڤایرۆسەکە زیاتر دەبێت.

* داخستنی قوتابخانەکان

بەپێی رێکخراوی یونسکۆ، زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن فێرخواز لە سەرانسەری جیهان لە هۆڵەکانی خوێندن دابڕاون و لەماڵەوەن، بەهۆی رێکارەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا.

ئەمەش وادەکات ئەرکی ژنان لەمڕوەشەوە قورس بێت، چونکە بەشی زۆری بەرپرسیارێتیەکانی چاودێری مناڵانیان لە ئەستۆدایە.

ئەم بوارە بەتایبەتی بۆ ئەو ژنانەی کە لە کەرتی تەندروستی دا کاردەکەن زیاترە، چونکە ئەوان لەکاتێکدا مناڵەکانیان لەماڵەوەیە، خۆیان لەکاردا دەبن.

* چاودێری بێبەرامبەر

ژنان و کچان بەتایبەتی، زۆرینەی رەهای ئەو کەسانە پێکدێنن کە خزمەتگوزاری چاودێری بێبەرامبەر «خۆبەخشی» پێشکەش دەکەن.

بەپێی رێکخراوی کاری جیهانی، ژنان ٢ ,٧٦٪ی سەرجەم کاتژمێرەکانی خزمەتگوزاری چاودێری بێبەرامبەریان لەئەستۆدایە، واتا زیاتر لە سێ ئەوەندەی پیاوان. ئەم ژمارەیەش لە ناوچەکانی وەکو ئاسیا دەگاتە ٨٠٪.

لەگەڵ ئەو فشارە زۆرەی دەکەوێتە سەر دەزگا تەندروستیەکان، زۆرێک لە کەسەکان بەتایبەتی ئەوانەی بە تەمەنن پێویستیان بە چاودێریی هەیە لەماڵەوە، ئەمەش ئەرکی ژنان زیاتر دەکات، هەروەک لەلایەکی تریشەوە مەترسی توشبونیشیان بە ڤایرۆسەکە زیاتر دەکات.

> ژنان سێ ئەوەندەی پیاوان لە چاودێری بێبەرامبەردا بەشدارن

> ژنان ١١٪ کەمتر لە پیاوان کرێ و موچە وەردەگرن

سەرچاوە: ئیرۆنیوز

# لە مهابادەوە بۆ کەلار



■ نەوژین

**گۆڕستانی کەلار کۆن دەبێتە دواین مەنزڵگای مەریەمی کچە بچوکی پێشەوا (قازی محەمەد) سەرۆک کۆماری کوردستان «مهاباد».**

لە گەرمەی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا و لە بەرواری (٢٠٢٠/٣/١٥)، مەریەم قازی، بچوکترین مناڵی سەرۆک کۆماری کوردستان (قازی محەمەد) کۆچی دوایی کرد. ئەو ماوەیەک بو کە توشی نەخۆشی شێرپەنجە بوبو و سەرەنجام لە نەخۆشخانەیەکی عەمانی پایتەختی ئوردن، گیانی سپارد.

مەریەم بچوکترین ئەندامی خێزانە ٨ خوشک و براییەکەی بو، لە ساڵی (١٩٤٥) لە مەهاباد هاتوەتە دونیاوە، بە شەش مانگ پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان.

خوێندنی قۆناغی ئامادەیی هەر لە مەهاباد تەواو کردوە. لە تاران هاوسەرگیری لەگەڵ (سەردار جاف) دەکات.

سەردار جاف، پاش شۆڕشی کۆماریی لە عێراق، بە بنەماڵەوە رویان لە ئێران کرد، لەوێ نزیکی شای ئێران بون، دوای روخانی ژێمی شاش گەڕانەوە عێراق.

لەبارەی چالاکیەکانی ئەم خاتونەوە، زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە، (نەوژین) چەند جارێک کاتی دیارییکرد لەگەڵ کوڕێکی مەریەم قازی بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، بەڵام سەرەنجام نەتوانرا چاوپێکەوتنەکە ئەنجام بدرێت.

لە راگەیەنراوی هاوخەمی دەربڕینی کۆچی دوایی دا، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەی خستوەتەڕو کە مەریەم قازی زۆر پەرۆشی حزبەکەیان بوە و لە تیرۆرکردنی قاسملۆدا زۆر نیگەران بوە و ئەوی بە «باوک» ناوبردوە.

هاوکات ئاماژەی بەوەشداوە کە مەریەم خان لەو کاتەی خێزانەکەی لە شاری بەغدای پایتەخت دەژیان، هاوکاری ئەو پێشمەرگانەی حزبەکەی کردوە کە لە شەڕ و پێکدادانەکان دا بەرکەوتبون و بریندار بوبون و بۆ چارەسەر لە نەخۆشخانە بون.

مەریەم قازی، لەسەر وەسێتی خۆی لە گۆڕستانی کەلاری کۆن و لە تەنیشت هاوسەرە کۆچکردوەکەیەوە، لە بەرواری (٢٠٢٠/٤/١) بەخاک سپێردرا.

> مەریەم بچوکترین ئەندامی خێزانەکەی قازی محەمەدە

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

یەکەم ژمارەی لە کانونی یەکەمی ٢٠١٦ دا دەرچوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.

رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە
تەلەفۆن:
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com
فەیسبوک:
nawzhinnewspaper
دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

# خەسو دیزانی جلەکان دەکات و بوکێش نمایشی دەکات



■ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**ئەگەر تائێستا واتزانیبێت نێوانی بوک و خەسو هەر ململانێ و پێکدادانە، ئەوا پاش ئەم راپۆرتە رات دەگۆڕێت، چونکە ئەو دوانە دەتوانن نەک پێکەوە هەڵکەن، بەڵکو پێکەوەش کاری ناوازە و جیاواز ئەنجام بدەن.**

خێزانێک لە کەلار کارێکی جیاواز و نوێ برەو پێدەدەن، ئەوان جلی کوردی کۆن نوێدەکەنەوە و هەر خۆشیان نمایشی دەکەن، بزوێنەری ئەم پرۆسەیەش بە دیارییکراوی، خەسو و بوکێکن، کە خەسو دیزاینی جلەکان دەکات و بوکەکەش نمایشی دەکات.

ئەوان باس لەوەدەکەن، پاڵنەری سەرەکیان بۆ ئەم کارە، خولیایانە بۆ پاراستنی رەسەنایەتی و بەرەوپێشەوەبردنی دیزاینی جلی کوردیی.

جەمیلە رەشید محەمەد، ٤٦ ساڵ، لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە دەستی داوەتە نوێکردنی جلوبەرگی کەلەپوری کۆن بە تێکەڵکردنی لەگەڵ دیزاینی سەردەمی نوێ، ئەوەی وایلێکردوە پەرە بەم کارەی بدات، پاراستنی جلی رەسەنی ژنانی کوردە «من جلوبەرگی رەسەنم زۆر لەلا جوان و پەسەندە، نابێت بەهیچ شێوەیەک واز لە کلتوری خۆمان بهێنین».

ئەم حەز و خولیایەی (جەمیلە)، بە هەمانشێوە لەلای (سارا)ش دا هەیە.

سارا نەوزاد، نمایشکاری کارەکانی (جەمیلە رەشید) و هاوکات بوکیشێتی (هاوسەری کوڕەکەیەتی)، نایشارێتەوە ئەو باوکی هاوکاری بوە بۆ ئەوەی خۆشەویستی رەسەنایەتی جلوبەرگی کوردی بە دڵدابچێت، دواتریش رێگەی دەکەوێتە ماڵێکی هونەردۆست، ئەمەش گرنگیپێدانەکانی بۆ ئەم بوارە زیاتر دەکات.

(سارا) ئێستا پێشکەشکاری کارە هونەریەکانە لە گەرمیان و کاری مۆدێلی دەکات.

جەمیلە رەشید، لەسەر بیرۆکەی کارەکەیان بەمشێویە دوا: «نەتەوە بە سێ شت دەناسرێت، یەکەم: ناوە، کە ناوی کوردی لە منداڵ و نەوەکانمان بنێین، دوەم: جلوبەرگ و سێیەم: زمانی قسەکردنە، هەربۆیە منیش لە رێگەی جلوبەرگی نەتەوەییەوە پێمخۆشە و بە شانازی دەزانم خزمەتی نەتەوەکەم بکەم و نەهێڵم رەسەنایەتیەکەی بمرێت».

لەبارەی هەڵبژاردنی (سارا) بۆ نمایشکردنی کارەکانی کە لە کۆمەڵگای گەرمیاندا تاڕادەیەک کارێکی کەم پێشینە و رێگەپێنەدراوە، (جەمیلە) بەمشێوەیە وەڵامی دایەوە: «سارا جلی کوردی زۆر لەلا جوانە و زۆر کات ئەیپۆشێت، کارەکەشی بۆناساندنی کلتورەکەمانە بە نەوەکان و گەنجی سەردەم، ئەمەش کارێکە لە پێناوی رەسەنایەتی و زیندو راگرتنی دا».

لە نمایشی جلوبەرگ و مۆدێلەکاندا، زۆرجار (سارا) لەگەڵ هاوسەرەکەی دا دەردەکەوێت، ئەویش بەشدارە لەو خولیایەی کە هاوسەر و دایکی و ئەندامانی تری خێزانەکەیان هەیانە بۆ برەودان بە جلوبەرگی کوردی.

محەمەد لوقمان، هاوسەری (سارا)، بۆ (نەوژین) وتی: خۆم هاوسەرەکەم هێناوەتە ناو بواری کاری هونەری و نمایشکردنەوە، بەوپێیەی خۆم لە بواری هونەر کارم دەکرد و دەکەوتمە بەر کامێراکان و دەردەکەوتم و پێشنیاری چەندین کاری هونەریمان بۆ هات، هەربۆیە داوام لە (سارا) کرد ببێت بە پێشکەشکار لە یەکێک لەو بەرنامە هونەریانەی گەرمیان، دواتر وردە وردە هاوکاری بوم، هەتا زیاتر هەست بەو پەرپرسیاریەتیە هونەریە بکا کە لەکاری مۆدێلدا هەیە.

ئەوەی کارەکەی خۆشەویستر کردوە بۆ ئەم دو هاوسەرە، ئەوەیە هەردوکیان هەمان حەزیان هەیە بۆ کارەکە، وەک (سارا) خۆشی ئاماژەی بۆ دەکات، هاوژینەکەی هاوکارێکی زۆرباشیەتی و پشتیوانی تەواوی کارەکانیەتی.

جەمیلە رەشید، ماوەی ٣٠ ساڵە کاری بەرگدوریی دەکات، باسی لەو دیزانە کۆنانەی جلوبەرگی ژنانی گەرمیان کرد کە دەیەوێت ون نەبن و نەوەی نوێ بیپۆشن و شانازی پێوەبکەن «دەمەوێت جۆرە جیاوازەکانی وەکو: کرمەک، لاگیرە، ژێر چەنە، پۆیلە، کۆڵوانە و بازڵفە و سەرو بەس، کڵاو، مشکی و شەدە... و هتد) کە پێشتر ژنان بەکاریان دەهێنا، بە دیزاینێکی جوان و نوێوە زیندو بکەمەوە».

جەمیلە و سارا، لەم کارەیاندا ئەندامانی تری خێزانەکەیان هاوکارییان دەکەن، بەتایبەتی کچەکانی جەمیلە.

«بوکەکانم و سێ کچەکەم زۆر یارمەتیدەرمن بۆ کاری و دورین و چنین و رێکخستنی تەتکە و موروی جلەکان، هاوسەرەکەشم کەسێکی هونەری و رەسەن دۆستە و زۆر هاندەرمە بۆ کارەکەم». (جەمیلە) وای وت.

بڵاوکردنەوەی وێنەی کچان تاوەکو ئێستا بۆ ناوچەیەکی وەک گەرمیان کارێکی نامۆیە بەتایبەت ئەگەر وێنەکان کاری مۆدێل بێت، (سارا) نایشارێتەوە لەم رووەوە ئاستەنگیان هاتوەتە پێش.

وتی: لێرە هیچ کارێک بۆ رەگەزی مێ سەرەتا بەدەرنەبوە لەوەی قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام کچان و ژنانی گەرمیان دەبێت خۆیان رچەشکێنی بکەن و پشتیوانی کارەکانی یەکتر بن، بۆئەوەی بتوانین ئەو ئامانجانەی کە خەون و حەزی خۆمانە بەدەستی بهێنین.

محەمەد، پێیوایە ئەو کارەیان ئەگەرچی دەستپێکردنی سەخت بوە، بەڵام دەبێتە دەستپێکێکی جیاواز لەگەرمیان.

وتی: ئێمە بەڵێنمان داوە بەردەوامبین پێکەوە لەم کارەدا، دەمانەوێت کارەکەشمان بە شێوەیەک بێت ئەو بیرکردنەوەیە بگۆڕین کە دەرباری کاری مۆدێلکردنی جلوبەرگ هەیە.

زۆرجار کە باسی خەسو و بوک و دش دەکرێت، وێنایەکی ناشرینی ململانێ و شەڕ و رقلێبونەوە پیشان دەدرێت، بەڵام ئەم خێزانە بە کاری هونەری ئەو شتانەیان بەلاوە ناوە.

(سارا) دەڵێت: بەدەر لە خەسوم، سێ خوشکی هاسەرەکەم بۆ من هاودەمێکی زۆر تایبەتن کە کاری دیزاینەکان رێکدەخەن و ئامادەکاری بۆ کارەکەی من دەکەن، ئەوان تەواوکەری کارەکانی منن.

